گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/4kx75h69
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 20/08/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 30/11/2025
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 20/03/2026

# پەیوەندی دڵەڕاوکێی داهاتو بە ئەدای ئەکادیمی لای خوێندکارانی زانکۆی ڕاپەڕین

**محمد رسول خدر[١] - داستان عمر محمود[٢] - بەسیدە حیدر انور[٣]**
basideh.haider@koyauniversity.org ،mohammedrasul@uor.edu.krd ،dastan.omer@uor.edu.krd
[١+٢]بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە هەرێمی کوردستان، عێراق.
[٣]بەشی پەروەردە و دەروونزانی، فەکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

ئامانجی ســـەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە دەرخســـتنی پەیوەندی نێوان دڵەڕاوکێی داهاتو و ئەدای ئەکادیمییە لای خوێنـدکاری زانکۆی ڕاپەڕین، هەروەهـا دەرخســـتنی ڕۆڵی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی (ڕەگەز و پســـپۆڕییە) لەســـەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە. بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەش توێژەران سـودیان لە میتۆدی وەسـفی "پەیوەسـتی" وەرگرتوە. هاوکات توێژەران فۆرمێکی پێوەریان ئامادەکردوە، کە پێوەری دڵەڕاوکێی داهاتو لە "24" بڕگە و ئەدای ئەکادیمیش لە "25" بڕگە پێکهاتوە، کە بۆ هەردو پێوەرەکە تەواوی تایبەتمەندییە ســایکۆمەترییەکانیان بۆ ئەنجامدراوە. دواتر فۆرمی پێوەرەکە بەشـــێوەیەکی هەڕەمەکی چینایەتی ڕێژەیی بەســـەر (360) خوێندکاری زانکۆی ڕاپەڕین دابەشـــکراوە، کە لەم نمونەیەش "194" ڕەگەزی نێر و "166" ڕەگەزی مێیە. بۆ شیکردنەوەی داتا بەدەستهاتوەکانیش توێژەران سودیان لە هەگبەی ئاماری (SPSS) وەرگرتوە. گرنگترین ئەو ئەنجامانەی ئەم توێژینەوە پێگەیشتوە بریتییە لە: بەشێوەیەکی گشتی دڵەڕاوکێی داهاتو لە ئاســـتێکی مامناوەندایە و ئەدای ئەکادیمیش لە ئاســـتێکی نزمدایە. هەروەها دەرکەوتوە دڵەڕاوکێی داهاتوی پیشـــەیی و ئابوری لای ڕەگەزی نێر زیاترە بەبەراورد بە ڕەگەزی مێ، بەڵام ســـەبارەت بە دڵەڕاوکێی داهاتوی "تەندروست و ترس لە مردن" لای ڕەگەزی مێ زیاترە بە بەراود بە ڕەگەزی نێر. هەروەها سەبارەت بە ئەدای ئەکادیمی لای ڕەگەزی مێ زیاترە بەبەراورد بە ڕەگەزی نێر. هاوکات دەرکەتوە ئەو خوێندکارانەی پســـپۆڕیان زانســـتە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکانە داڵەڕاوکێی داهاتویان بەرزترە بەبەراورد بەو خوێندکارانەی پســپۆڕیان زانســتە سروشــتی و پەتیەکانە. بەڵام جیاوازی پسـپۆڕی کاریگەری لەسـەر ئاسـتی ئەدای ئەکادیمی نەبوە. لە کۆتاییشـدا دەرکەوتوە هیچ پەیوەندییەکی بەڵگەداری ئاماری نییە لە نێوان دڵەڕاوکێی داهاتو و ئەدای ئەکادیمی.

**وشە سەرەکییەکان:** دڵەڕاوکێی داهاتو، ئەدای ئەکادیمی، خوێندکاری زانکۆ، زانکۆی ڕاپەڕین

# The Relationship Between Future Anxiety and Academic Performance Among Students of Raparin University.

**Mohammed Rasul Khadr [1] - Dastan Omar Mahmoud [2] - Basida Haider Anwar[3]**

[1+2] Department of Kindergarten, College of Primary Education, Raperin University, Ranya Kurdistan Region, Iraq.

[3] Department of Education and Psychology, Faculty of Education, Koya University, Koya, Kurdistan Region, Iraq.

Abstract:

The primary objective of this study is to explore the relationship between future anxiety and academic Performance among students at Raparin University, as well as to examine the role of demographic variables (gender and specialization) on the study outcomes. To achieve these objectives, the researchers employed a descriptive "correlational" methodology. The researchers developed a standardized form consisting of a future anxiety scale with 24 items and an academic achievement scale with 25 items, with complete psychometric properties conducted for both scales. Subsequently, the scale form was distributed using stratified random sampling to (360)students at Raparin University, of which 194 were male and 166 were female. For analyzing the collected data, the researchers utilized the Statistical Package for Social Sciences (SPSS).

The most significant findings of this study include: Generally, future anxiety is at a moderate level, while academic Performance is at a low level. Furthermore, it was found that professional and economic future anxiety is higher among males compared to females; however, regarding "health and fear of death" future anxiety, it is higher among females compared to males. Additionally, academic Performance is higher among females compared to males. It was also revealed that students specializing in humanities and social sciences have higher future anxiety compared to students specializing in natural and applied sciences. However, specialization differences had no significant impact on academic achievement levels. Finally, it was found that there is no statistically significant relationship between future anxiety and academic Performance t.

**Keywords**: Future Anxiety, Academic Performance, University Students, Raparin University.

## پێشەکی:

داهاتو ئەو ئومێدەیە، کە مرۆڤ لە پێناویدا دەژیت، بەبێ هیوا و ئومێد ژیان واتایەکی نییە، چونکە ئەو کەسانەی هەست بە ڕازیبون لە خود و دڵخۆشی و گەشبینی دەکەن، تێڕوانینێکی ئەرێنییان بۆ ژیان و داهاتو هەیە، بە پێچەوانە ئەوانەی هەست بە ناڕازیبون دەکەن، ڕەشبینن بەرامبەر داهاتو. بیرکردنەوە و ترس لە داهاتو پەیوەندی بەتەمەنێکی دیاریکراوەوە نییە، بەڵکو ئەو بیرکردنەوانە کاریگەری لەسەر هەمو تەمەنەکان دادەنێن. ئەمەش وادەکات خوێندکارانی زانکۆ، کە توێژێکی گرنگی کۆمەڵگەن بەرکەوتەی ئەو بیرکردنەوە و ترسە بن بەرامبەر بە داهاتو. کاتێك خوێندکار بە تاسە و ئومێدەوە یان بە بە ڕەشبینی و دڵەڕاوکێ سەیری داهاتو دەکات، کاریگەری لەسەری دەبێت؛ بۆیە ئەگەر لایەنی ئەرێنی زاڵبێت ئەوا هەست بە ڕێزگرتنی خود، گەشبینی و چالاکی دەکات، بەڵام ئەگەر لایەنی نەرێنی زاڵبو بەسەریدا، ئەوا هەست بە نائارامی، ڕەشبینی و دڵەڕاوکێ دەکات بەرامبەر داهاتوی. هەستکردن بە دڵەڕاوکێ شتێکی سروشتییە لە

چوارچێوەیەكی قبوڵكراو و بارودۆخی دیاریكراودا، ڕەنگە جۆش و خرۆش بە ژیانی تاك بدات، بەڵام ئەگەر لە ئاستێكی بەرز و ناسەقامیگردا بێت، دەكرێ تاك توشی بێزاری، ترس و نارەحەتی بكات. ئەمەش ڕێگری دەكات لە خۆگونجان و كارلێكی كۆمەڵایەتی تەندروست، لە دواجار خوێندكارانی زانكۆ لە قۆناغێكی گرنگ و چارەنوسسازدان، ئەگەر هەست بە ئاسودەیی و گونجاوی دەرونی، پیشەیی و كۆمەڵایەتی نەكەن، تێروانینێكی نەرێنییان بۆ داهاتوی خۆیان و خێزانیان دەبێت. هەروەها قۆناغی زانكۆ وەرچەرخانێكی گرنگە لە ژیانی تاكەكاندا، كە تێیدا خوێندكاران نەک هەر ڕوبەڕوی ئاڵنگارییە ئەكادیمییەكان دەبنەوە، بەڵكو دەست دەكەن بە دارشتنی بناغەی ژیانی پیشەیی و كۆمەڵایەتی داهاتویان. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەم قۆناغە هەندێكجار دەتوانێت ببێتە سەرچاوەی فشار و دڵەڕاوكێ، بەتایبەتی دڵەڕاوكێی پەیوەست بە داهاتو.

## 1. ڕەهەندە سەرەكییەكانی توێژینەوەكە:

### 1.1 گرفتی توێژینەوەكە

قۆناغی زانكۆ بە قۆناغێكی چارەنوسساز و پڕ لە هەلی گەشەكردن دادەنرێت بۆ دیاریكردنی ڕێچكەی پیشەیی خوێندكاران، سەرەڕای ئەم ڕۆڵە گرنگە، خوێندكارانی ئەم قۆناغە لە سەردەمی ئێستادا ڕوبەڕوی كۆمەڵێک ستریس و دڵەڕاوكێ دەبنەوە بەهۆی بارودۆخی سەختی ئابوری، ناسەقامگیری بازاڕی كار و گۆڕانكارییە خێراكانی تەكنەلۆژیا. یەكێک لە جددیترین شێوەكانی ئەم دڵەڕاوكێیەش، "دڵەڕاوكێی داهاتو"ە، كە بریتییە لە نیگەرانی و ترسێكی بەردەوام سەبارەت بە ڕوداوە نەزانراوەكانی داهاتو، وەک دۆخی بازاڕی كار، نەبونی دەرفەتی كاری گونجاو، ناسەقامگیری ئابوری و چاوەڕوانییەكانی كۆمەڵگە .

لە ڕوی تیۆرییەوە، دڵەڕاوكێی داهاتوش بە دیاردەیەكی جیهانی دادەنرێت، كە كاریگەری لەسەر بوارە جیاجیاكانی ژیانی تاک دادەنێت، بە تایبەت لای چینی خوێندكاران. لە هەرێمی كوردستان، بەتایبەتی لە نێو ژینگەی زانكۆكانی ناوخۆ، ناسەقامگیری سیاسی و ئابوری دەكرێت دڵەڕاوكێی داهاتو قوڵتر بكات. هەرچەندە دەربارەی ئەم دیارەیە توێژینەوەی جیهانی بەردەوامە، بەڵام زانیاری ناوخۆیی دەربارەی پەیوەندی نێوان دڵەڕاوكێی داهاتو و ئەدای ئەكادیمی خوێندكاران بەپێی سنوری زانیارییەكانی توێژەران كەمە و بۆشایی زانستی لەسەر ئەم پرسە بونی هەیە. بە واتایەكی دیكە، پێویستە توێژینەوەیەكی قوڵ ئەنجام بدرێت بۆ پڕكردنەوەی ئەم بۆشاییە و دیاریكردنی میكانیزمە وردەكان لەئەگەری هەبونی كاریگەری. چونكە توێژینەوە نێودەوڵەتییەكان پەیوەندی نێوان دڵەڕاوكێی گشتی و ئەدای ئەكادیمی دیاریكردوە. وەكو چۆن (ساكیز و ساریكام، ٢٠١٤) لە توێژینەوەكەیاندا ئاماژە بەوە دەكەن كە ئاستێكی مامناوەندی دڵەڕاوكێ دەكرێت ببێتە هاندەر، بەڵام دڵەڕاوكێی زۆر و درێژخایەن - وەک دڵەڕاوكێی داهاتو - زۆرجار بە شێوەیەكی نەرێنی كاردەكاتە سەر توانای تەركیز، ڕێكخستنی كات و ئەدای خوێندكار بە گشتی (Saricam & sakiz, 2014). هەمو ئەم گرفتانەوە و تێبینیكردنی توێژەران بۆ باردۆخی ئێستای خوێندكارانی زانكۆی، وای كرد هەستت بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەكی زانستی لەسەر ئەم پرسە، بەئامانجی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە: ئایا پەیوەندی لە نێوان دڵەڕاوكێی داهاتو و ئەدای ئەكادیمی لای نمونەی توێژینەوەكە هەیە؟ ئایا گۆڕاوە دیمۆگرافیەكانی وەك (ڕەگەز، پسپۆری خوێندن) كاریگەری لەسەر ئەنجامەكانی توێژینەوەكە هەیە؟

### 2.1 گرنگی توێژینەوەكە

گرنگی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەوە دەبینێتەوە ؛ سەرەڕای چەندین توێژینەوە لەسەر دڵەڕاوكێی تاقیكردنەوە یان دڵەڕاوكێی بە گشتی، بە پێی سنوری زانیاری توێژارن توێژینەوەی پێویست لە بواری پەیوەندی نێوان دڵەڕاوكێی داهاتو

و ئەدای ئەکادیمی خوێندکاراندا ئەنجام نەدراوە. بۆیە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە دەتوانێت کەلێنێکی زانستی و تیۆری لەم بوارەدا پڕبکاتەوە و زەمینەیەك بۆ پەرەپێدانی مۆدێل و چەمکی نوێ خۆش بکات.

هەروەها دەتوانێت یارمەتی دارێژەرانی سیاسەتی خوێندنی باڵا بدات بۆ پەرەپێدانی پلان و ستراتیژییەکان بۆ باشترکردنی تەندروستی دەرونی و ئەدای خوێندنی خوێندکاران. دەستنیشانکردن و شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان دڵەڕاوکێی داهاتو و ئەدای ئەکادیمی خوێندکاران هەنگاوێکی پێویستە بۆ بەرزکردنەوەی کوالیتی سیستەمی خوێندنی باڵا، تەندروستی دەرونی خوێندکاران، گەیشتن بە ئامانجە سەرەکییەکانی وڵات لە بواری پەروەردەیی و پەرەپێدانی سەرچاوە مرۆییەکان. دەکرێ ئاراستەیەکی ئەرێنی بێت بۆ دارشتنی دەستێوەردانی دەرونی، بەرنامەی ڕاوێژکاری کاریگەر لە ناو زانکۆکاندا، بە تایبەتی لە دۆخی ئێستای کۆمەڵگەی کوردیدا، کە ڕوبەڕوی چەندین قەیرانی ئابوری، کۆمەڵایەتی و پیشەیی بوەتەوە. ئەم توێژینەوەیە دەتوانێت بە ڕێگای خستنەڕوی ئەنجامەکان زانیاری بەنرخ بخاتە بەردەستی پسپۆڕان و ڕاوێژکارانی پەروەردەیی و دەرونی. بۆ پەرەپێدانی ستراتیژی خۆپارێزی و باشترکردنی شێوازی ژیانی خوێندکاران و بەرەوپێشبردنی تەندروستی دەرونی و پرۆسەی ئەکادیمی لە زانکۆدا.

توێژینەوە لە پەیوەندی نێوان دڵەڕاوکێی داهاتو و ئەدای ئەکادیمی پێویستییەکی بنەڕەتییە لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردندا، بە تێگەیشتنێکی قوڵتر لەم دیاردەیە و دۆزینەوەی ڕێگاکانی مامەڵەکردن لەگەڵیدا، دەتوانین یارمەتی خوێندکاران بدەین نەک تەنها سەرکەوتنی ئەکادیمی بەدەستبهێنن، بەڵکو باشتر هەست بە دەرون دروستی بکەن و بە هیوا و ئومێدی زیاترەوە لە داهاتو بڕوانن.

### 3.1 ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

- پێوانەکردنی ئاستی (دڵەڕاوکێی داهاتو و ئەدای ئەکادیمی) لای نمونەی توێژینەوەکە.
- جیاوازی ئاستی (دڵەڕاوکێی داهاتو و ئەدای ئەکادیمی) لای نمونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، پسپۆڕی زانستی).
- دەرخستنی ئاستی پەیوەندی دڵەڕاوکێی داهاتو و ئەدای ئەکادیمی لای نمونەی توێژینەوەکە.

### 4.1 سنوری توێژینەوەکە

- **لە ڕوی شوێنەوە:** پێکهاتوە لە سەرجەم کۆلێژەکانی کەمپەسی (زانکۆی ڕاپەڕین) دەوامی بەیانیان.
- لە ڕوی مرۆییەوە: برتییە لە (360) خوێندکاری زانکۆی ڕاپەڕین، بەجۆرێك (194) ڕەگەزی نێر (166) ڕەگەزی مێ.
- **لە ڕوی کاتەوە:** مەبەست لەو ماوەیەکە توێژەران دەستیان کردوە بە دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسی و کۆکردنەوەی زانیارییەکان و شیکردنەوەیان لەگەڵ ڕێکارە مەیدانییەکان لە ڕێکەوتی(٢٠٢٥/٥/١٠ تاوەکو٢٠٢٥/٨/٣) ئەم کارانە ئەنجامدراون.

## 2. دیاریکردن و ناساندنی چەمکەسەرەکییەکانی توێژینەوەکە

### 1.2 دڵەڕاوکێ- Anxiety

دڵەڕاوکێ لە کەسێکی ئاساییدا بە گشتی بە کاردانەوەیەکی سروشتی دادەنرێت بەرامبەر بە بارودۆخی ئاسایی ژیان، بەتایبەتی لە بارودۆخی پێشبینیکراودا، وەک ئەنجامدانی تاقیکردنەوە یان داواکاری پێشکەشکردنی کارێک. لە سنورە ئاساییەکانیدا، دڵەڕاوکێ وەک پاڵنەرێکی بەهێز بۆ سەرکەوتن و پێشکەوتنی تاکەکان کاردەکات. بەڵام ئەگەر سنورەکانی تێپەڕاند و ئەوەندە توند بو، کە ڕێگری لە گونجاندن و پێشکەوتن بکات، ئەوا دەبێتە نیشانەیەکی نەخۆشی، کە پێی

دەوترێت شـڵەژانی دڵەڕاوکێ (الصـیخان، ٢٠١٠: ٦٩). ئەو ڕوداوانەی تاک بە شـێوەیەکی زیادەڕەوی سـەیری دەکات، دەگۆڕێت بۆ سـەرچاوەی فشـار و تێگەیشـتن لە هاندەرەکە وەک نەرێنی دەگەڕێتەوە بۆ بێتوانایی تاک لە کۆنترۆڵکردنی، کە دەبێتە هۆی هەستکردن بە دڵەڕاوکێ (McNamara, 2000).

(فرۆید- Sigmund Freud،1975) دڵەڕاوکێی "بە کاردانەوە بەرامبەر بە حاڵەتێکی مەترسـیدار وەسـفی کردوە" (عبداللە، ٢٠٠١: ١٦٩). (هۆرنای-Horney )پێی وایە "ئەو ئەزمونانەن هەڕەشـە لە ئاسـایشی_ تاک دەکەن، کە لە دۆخە ئازاربەخشـەکان یان ڕوداوەکانەوە سـەرهەڵدەدەن لە قۆناغە سـەرەتاییەکانی گەشـەکردنی منداڵەوە دەسـت پێدەکەن؛ لەوانە هەسـتە ناکۆکەکانی دایک و باوک بەرامبەری، پەسـەندکردنی یەکێک لە خوشـک و براکانی یان سەپاندنی سزای نادادپەروەرانە و گاڵتەکردن بەسەریدا" (الخالدي، ٢٠٠٢: ١١٦). الرفاعي (٢٠٠٣)، دڵەڕاوکێ وەڵامێکە بۆ مەترسـییەک کە ترسی ئەوەی لێدەکرێت ڕوبدات و ئاراسـتەی پێکهاتە کەسـییەکان دەکرێت. ئەم وەڵامە هەڵگری مانایەکی ناوخۆیییە کە پەیوەستە بە کەسەکەوە و زیاد دەکات بۆ جیهانی دەرەکی (الرفاعي، ٢٠٠٣: ٢٠٠). بە سەرنجدان لەو بۆچون و پێناسـانەی سـەرەوە، کە بۆ چەمکی دڵەڕاوکێ کراون. مەبەسـت لە دڵەڕاوکێ لە **ڕوی تیۆرییەوە**: کاردانەوەیەکی ناوەکییە بەرامبەر ئەو ڕوداوانەی، کە تاك پێیوایە هەڕەشـەن لەسـەر باردۆخی ئێستا و داهاتوی، ئەمەش وا لە تاك دەکات بکەوێتە کۆمەڵێك باردۆخی وەك (نیگەرانی، نائارامی، ترس و شەڵەژان).

## *2.2* دڵەڕاوکێی داهاتو-Future Anxiety

(تۆفلێر-Toffler،1970) زاراوەی "شـۆکی داهاتو"ی داهێناوە، چونکە بەهۆی داواکارییە فرەییەکانی ئەم سـەردەمە گرژییەکی جددی دروسـت دەکات. بەو ئەنجامە گەیشـتوە زۆر کەس بەدەسـت شـۆکی داهاتووەوە دەناڵێنن؛ بۆیە دەتوانرێت بڵێین دڵەڕاوکێی داهاتو جۆرێکە لە دڵەڕاوکێ کە پەیوەندی بە پێشـبینیکردنی تاکەوە هەیە بۆ ڕوداوەکانی داهاتو لە ماوەیەکی درێژتردا. مرۆڤ کاتێک ئایندەی خۆی گریمانە دەکات، ئێسـتای خۆی گریمانە دەکات و ڕابردوی خۆی دەکاتە مانادار. ڕابردو و ئێسـتا دەسـتوەردان لە پێشـبینیکردنی ڕوداو و کردارەکانی داهاتودا دەکەن (العشـري، ٢٠٠٤: ١٤٨).

دڵەڕاوکێ سـەبارەت بە داهاتو جۆرێکە لە دڵەڕاوکێ، کە مەترسی لەسـەر تەندروسـتی دەرونی و بەرهەمهێنانی تاکەکان دروسـت دەکات. کاتێک ئەم دڵەڕاوکێیە زۆر بێت، دەبێتە هۆی ناهاوسـەنگی لە باری دەرونی و جەسـتەیی و ڕەفتاری تاکدا (السمیری، صالح، ٢٠١٣: ٦٥). دڵەڕاوکێ سەبارەت بە داهاتو تایبەتمەندە بە ئامادەیی مرۆڤ بۆی، ئەمە جگە لە چڕی و سروشتی ناڕاستەقینەی، کە دەبێتە هۆی ڕەشبینی لە تاکدا. ئەوەی بونی و کاریگەری لەسەر تاک بەهێز دەکات، ڕودانی گۆڕانکارییەکی کتوپڕ لە ڕەوتی ڕوداوەکان یان سەرهەڵدانی بارودۆخی نوێ لە ژیانیدا (بلکیلاني، ٢٠٠٨: ٢٣).

کۆمەڵەی دەرونزانانی ئەمریکی بەم شێوە پێناسەی کردوە "ئەو بارودۆخەیە کە تاك هەست بە ترس و نیگەرانی دەکات سـەبارەت بە پێشـبینیکردنی ڕوداوەکان یان بارودۆخەکانی لە داهاتودا، زۆرجار سـەرچاوەکەیان نادیارە و دەرچەیەکی ڕونیان نییە، " (قادر، ٢٠١٩: ٣٧). دڵەڕاوکێی داهاتو حاڵەتێکی ناخۆشی سـۆزدارییە کە هەندێك جار بەسـەر تاکێکدا دێت و چەند تایبەتمەندییەکی هەیە وەک فشـار، ناڕەحەتی، ترسی بەردەوام، نەبونی سـەلامەتی دەرونی بەرامبەر ئەو بابەتانەی کە مەترسی لەسـەر بەها و کیانەکەی دروسـت دەکەن و پەیوەسـتە بە چاوەڕوانی مەترسـییەکی نەناسراو کە دەکرێت لە داهاتودا ڕوبدات و ئەم حاڵەتە ڕەنگە کاتی بێت یان هەمیشـەیی (السـبعاوي، ٢٠٠٦: ٦١). بە سـەرنجدان لەو بۆچون و پێناسـانەی سـەرەوە، کە بۆ چەمکی دڵەڕاوکێ کراون. مەبەسـت لە دڵەڕاوکێ لە **ڕوی تیۆرییەوە**: باردۆخ و

دڵەڕاوکێیەکی تایبەت و ناوەکییە، کە لە تاکدا ڕو دەدات لە ئەنجامی ترس و نیگەران سەبارەت بەداهاتوی، کە پێی وایە لە ماوەیەکی نزیك یاخود دور مەودادا ڕو دەدەن لە ژیانیدا.

**پێناسەی ڕێککاری بۆ چەمکی دڵەڕاوکێی داهاتو:** برتییە لە کۆی ئەو نمرەی یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە بۆ پێوەری دڵەڕاوکێی داهاتو بە دەستیدەهێنن.

### *3.2* ئەدای ئەکادیمی – Academic Performance

ئەدای ئەکادیمی لە کۆمەڵێك ڕوانگە و دیدگای جیاوازەوە پێناسە کراوە بەو شێوەی خوارەوە:

ئەدای ئەکادیمی بەو ئاستە دادەنرێت کە خوێندکار فێری بوە، لە لایەنی پلاندانان و خۆڕێکخستن تا ئامانجی فێرکاری و گەیشتن بە توانا فکرییەکانی. پێشکەوتنی ئەکادیمی واتە "توانای خوێندکار بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی فێرکاری پەیوەندی بە ئاستی فێربون و توانا فکری.(York, at all, 2015: 3) ". واتە ئەدای ئەکادیمی تەنها ئەنجامی تاقیکردنەوە نییە، بەڵکو بە شێوەیەکی فراوانتر پەیوەندی بە فاکتەرە دەرونی و ڕەفتاریەکانی خوێندکار وەک خۆڕێکخستن، بەرهەمهێنان و خۆدڵنیاییەوە هەیە(Richardson, at all, 2012: 360) . هەروەها چەمکی ئەدای ئەکادیمی فرەڕەهەندە، کە تایبەتمەندییەکانی خوێندکار لەخۆدەگرێت، لەوانەش کارامەیی، هەڵوێست و ڕەفتارەکان کە کاریگەرییان لەسەر سەرکەوتنی ئەکادیمی هەیە. ئەم تایبەتمەندیانە لە دو بواری سەرەکیدا دەردەکەون: لێهاتویی ئەکادیمی وەک خوێندنەوە، نوسین، ژمێریاری و بیرکردنەوەی ڕەخنەیی. پاڵپشتی ئەکادیمی وەک کارامەیی و پاڵنەر لە نێوان کەسەکاندا (Diperna at all, 2002: 298-312).

لەکاتێدا (فام و تایلۆر) ئەدای ئەکادیمی وەک "ئاستی توانای خوێندکار بۆ بەکارهێنانی فێربون، پلانکردن و چاکتر کردنی پەیوەندی فێرکاری" دەناسێن. کە لایەنەکانی (خۆدڵنیایی، پلانکردن، پەیوەندییە گشتییەکان، تاقیکردنەوە و پاڵنەری ئەکادیمی) دەگرێتەوە.(Taylor & Pham ,1999: 435) .

**پێناسەی توێژەران** "پێشکەوتنی ئەکادیمی تەنها بریتی نییە لە کۆکردنەوەی نمرەیەکی بەرز لە تاقیکردنەوەکاندا، بەڵکو چەمکێکی فراوانترە کە ئاستی فێربون و گەشەی فکریی خوێندکار. لەسەر بنەمای توانای خوێندکار بۆ پلاندانانی کاریگەر و خۆڕێکخستنی پرۆسەی فێربونەکەی وەستاوە، بە ئاراستەی گەیشتن بە ئامانجە زانستییەکان. جگە لە لایەنی زانستی پەیوەستە بە فاکتەرە دەرونی و ڕەفتارییەکانی وەک باوەڕبەخۆبون، هاندانی ئەکادیمی و توانای زاڵبون بەسەر کێشەکاندا، بۆ ئەوەی بەرهەمهێنانێکی باش و فێربونێکی باشتری هەبێت."

**پێناسەی ڕێککاری بۆ چەمکی ئەدای ئەکادیمی:** برتییە لە کۆی ئەو نمرەی یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە بۆ پێوەری ئەدای ئەکادیمی بە دەستیدەهێنن.

## *3 .* چوارچێوەی تیۆری و ئەدەبیاتی پێشو

### *1.3* تیۆرەکانی پەیوەست بە گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە

### *1.1.3* تیۆرەکانی پەیوەست بە دڵەڕاوکێ داهاتو

### یەکەم: ڕوانگەی دەرونشیکاری- Psychological perspective

(فرۆید- Sigmund Freud) یەکێکە لەو دەرونزانانەی زۆرترین چەمکی دڵەڕاوکێی بەکارهێناوە، دڵەڕاوکێی وەك مەترسی و هەڕەشەیەك بۆ سەر کەسایەتی تاك سەیر دەکات، کە دەکرێ زیانی پێی بگەیەنێت یان ئارامی تێك بدات، هەروەها جیاوازی لە نێوان سێ جۆر لە دڵەڕاوکێدا کردوە:

**دڵەڕاوکێی بابەتی:** باوترین جۆری دڵەڕاوکێیە، لەو حاڵەتەدا دڵەڕاوکێی خزمەت بە ئامانجەکان و ئامادەکردنی تاك دەکات، بۆ ڕوبەڕو بونەوەی ئەو مەترسیانەی هاتونە ڕێگەی و دورکەوتنەوە لێیان، یان گرتنەبەری شێوازێکی گونجاو بۆ ڕوبەڕو بونەوەیان.

**دڵەڕاوکێی دەماری:** بەرئەنجامی ئەو بیرکردنەوە و ڕوداوانەیە لە ئەقڵی نائاگادا خەفەکراون، هەوڵی دەربازبون دەدەن بۆ هاتنەوە ناو ئەقڵی ئاگا ســەرهەڵدەدات، ئەمەش وەك ئاگادارکەرەوەیەکی ئیگۆ (من) کار دەکات، بەجۆر بەرگری دەکات تاکو بارودۆخە سەرکوتکراوەکان لە ئەقڵی نائاگاوە نەگەنە ئەقڵی هۆشیار.

**دڵەڕاوکێی ئەخلاقی:** ئەم دڵەڕاوکێیە لە ئەنجامی ئاگادارکردنەوە و لۆمەکردنی ســوپەر ئیگۆوە بۆ ئیگۆ وە دێت، کاتێك تاك کارێك دەکات یاخود بیر لە ئەنجامدانی دەکاتەوە، کە لەگەڵ بەها و پێوەرەکانی سوپەر ئیگۆ نوێنەرایەتیان دەکات ناتەبان، ئەم دڵەڕاوکێیە تاك توشی هەستکردن بە شەرمەزاری، تاوانباری، بێزاری و گوناه دەکات (كفافي، ١٩٩٠: ٦٥).

(ئادلەر-Alfred Adler) دڵەڕاوکێی داهاتوی بەســتەوە بە ئامانجەکانی تاك لە ژیانیدا، کاتێك تاك ئامانجەکان زیاتر واقیعی و لە وەهم و خەیاڵ دور بن، ئاســتی دڵەڕاوکێی داهاتوی لە ئاســتێکی ئاســایدا دەبێت و هەروەها بە پێی ئەو چاوەڕوانییەی تاك بۆ داهاتوی هەیەتی ڕۆڵی لە پاڵنەر و ڕەفتارەکانیدا هەیە. هەروەها ســەرچاوەی دڵەڕاوکێی بۆ سەرەتای منداڵی گەڕاندەوە، کاتێك تاك هەست بە کەمی دەکات، ئەو هەستکردنە وا لە تاك دەکات نائارام بێت، بۆیە توشی دڵەڕاوکێ دەبێت ســەبارەت بە داهاتو، ئەمەش دەبێتە پاڵنەر بۆ قەرەبوکردنەوەی ئەو کەموکوڕیە (الحمداني، ٢٠١١: ١٦٣).

## دوەم: ڕوانگەی ڕەفتاری- Behavioral perspective

بە بڕوای ڕەفتارگەراکان دڵەڕاوکێ لە ڕێگەی مەرجدار کردن یان پرۆسەی تری فێربونەوە بەدەست دێت، کە ڕەفتاری دورکەوتنەوە و ڕاکردن پەیدا دەبن، پاشــان ئەم ڕەفتارە بە کەمکردنەوەی ئاســتی دڵەڕاوکێ بەهێزتر دەبێت. (ئایزینك-Hans Eysenck) وەڵامەکانی دڵەڕاوکێی وەك دەرئەنجامی ڕوداوەکانی ڕێکەوت یان زنجیرەیەك کێشــەی لەدوای یەك ڕون دەکاتەوە، کە کاردانەوەی دەماری نائیرادی لەخۆدەگرێت، بەو گریمانەیە ئەو هاندەرە دەماریانەی پێشــو لە ڕێگەی وەڵامدانەوەکانی پەیوەســت بە دڵەڕاوکێیەکەوە بەیەکەوە دەبەســترێنەوە، کە تایبەتمەندی پاڵنەر وەردەگرن لە ڕێگەی هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی گرژی و دڵەڕاوکێ، بەهەڵهاتن و دورکەوتنەوەی نوێنەرایەتی دەکرێت، ئەو خۆپاراســتن و هەڵهاتنە لەدوای کەمبونەوەی دڵەڕاوکێ بەهێزتر دەبن. ڕەفتارگەراکان ئەو بارودۆخانەیان باس کردوە، کە دەکرێ ببنە هۆی دڵەڕاوکێ. تاك لەو بارودۆخانە هەست بە ڕەزامەندی ناکات، بەو پێیەی ڕەنگە تاك لە منداڵیدا بەرکەوتەی لەگەڵ بارودۆخی ترس، هەرەشــە، نەگونجانی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی ژینگەکەدیدا هەبوبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی هەستکردن بە نارەحەتی سۆزداری، شڵەژان و بێقەراری (شلهوب، ٢٠١٦: ٣٩).

(پاڤلۆڤ- Pavlov و واتســۆن- Watson) پێیان وایە دڵەڕاوکێ دو ڕۆڵی هەیە، لە لایەک وەک هاندەرێک وایە و لەلایەکی ترەوە ســەرچاوەیەکە بۆ پشــتگیری، ئەمەش لە ڕێگەی کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێوە ڕودەدات، کاتێك سزادان دەبێتە هۆی ڕاگرتنی ڕەفتاری نەخوازراو، بەم شێوەیە دڵەڕاوکێیەک دروست دەبێت، کە سیفەتێکی پشتگیریی نەرێنی هەیە و دەبێتە هۆی گۆڕینی ڕەفتار، لەوانەیە گرنگترین شــتێک کە ڕەفتارگەراکان جەختیان لەســەر کردۆتەوە ئەوە بێت کە دڵەڕاوکێ وەڵامدانەوەیەکی مەرجداری ئازاربەخشــە کە ســەرچاوەی دڵەڕاوکێ لای تاک دیاری دەکات (عوســمان، ٢٠٠١: ٢٥).

## سێیەم: ڕوانگەی مەعریفی- Cognitive perspective

ڕوانگەی مەعریفی پێی وایە کە هۆکاری سەرەکی دروستبون، بەردەوامبون و زیادبونی دڵەڕاوکێ لە پرۆسەی بیرکردنەوەوە سەرچاوە دەگرێت. (ئارۆن بێک-Aaron Beck،1985) ئاماژەی بەوە کردوە شێوازی لێکدانەوە ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە لە توشبون بە دڵەڕاوکێ دەگێڕێت، چونکە بیرۆکەکانی تاک کاردانەوەکانی نەرێنی دروست دەکەن، لە چوارچێوەی ناوەڕۆکی بیرکردنەوەدا. دڵەڕاوکێ بریتییە لە قسەکردنی نەرێنی لەگەڵ خود، لاوازی کۆنترۆڵکردن، کەمبونەوەی توانای خودی. تیۆرە مەعریفییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە تاک بەهۆی هەستکردن بە هەڕەشە یان مەترسییەوە توشی دڵەڕاوکێ دەبێت، ئەم تیۆرە پێی وایە کە بنەمای کێشەکان لە تێکچونەکانی دڵەڕاوکێدا لە لێکدانەوە هەڵەکانی تاک بۆ واقعدا خۆی دەبینێتەوە، ئەو زانیاریانەی تاک لەبارەی خۆی،تەندروستی، خێزان، پێگە و پیشەکەی، جیهان، ژینگە و داهاتویەوە هەیەتی وەک سەرچاوەی مەترسی وەریان دەگرێت. لەو چوارچێوەیەدا (لازارۆس- Richard Lazarus) مۆدێلی مەعریفی دڵەڕاوکێ دەخاتەڕو، کە تیایدا جیاوازی لە نێوان دو پرۆسە دەکات:

- **هەڵسەنگاندنی سەرەتایی**: خەمڵاندنی تاکە لە ماوەی هەڕەشەی بارودۆخەکە لە ڕوی توندی و نزیکییەوە، و ئەم خەمڵاندنە بە دو شت کاریگەر دەبێت: کەسایەتی و باوەڕەکانی تاک هۆکارە پەیوەست بە سروشتی بارودۆخەکە لە ڕوی سروشتی ڕوداوەکەوە.
- **هەڵسەنگاندنی دوەمی:** مەبەست لێی خەمڵاندنی تاکە بۆ ئەو توانا و لێهاتوییانەی کە هەیەتی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخەکەدا. ئەم خەمڵاندنە کاریگەر دەبێت بە تواناکانی خودی تاک (ڕێزگرتنی خود)، توانا جەستەییەکان (تەندروستی و وزەی تاک بۆ کارکردن)، توانا کۆمەڵایەتیەکان (پەیوەندییەکانی و قەبارەی ئەو پشتگیری و یارمەتییەی پێشکەشی دەکرێت)، توانا داراییەکان (قەبارەی پارە و کەرەستەکان) (الشرافي، ٢٠١٣: ٣٢-٣٣).

### *2.1.3* تیۆرەکانی پەیوەست بە ئەدای ئەکادیمی

#### یەکەم: تیۆری مەعریفی کۆمەڵایەتی پاڵنەر :(Social-Cognitive Theory)

یەکێک لە دیدگا پەیوەندیدارەکان بۆ تێگەیشتن لە ئەدای ئەکادیمی، سەرنج دەخاتە سەر جیاوازی نێوان دو جۆر لە ئاراستەکردنی ئامانج کە لە لایەن (دیوێک، ١٩٨٦) داهێنراوە. پێشمەرجی سەرەکی ئەوەیە کە ڕەفتاری خوێندکاران کارکردی خواستەکانیانن بۆ گەیشتن بە هەندێک ئامانج، ئەم تیۆرە سەرنج دەخاتە سەر جیاوازی نێوان دو جۆر لە ئاراستەکردنی ئامانج: یەکەم/ ئامانجی لێهاتویی/شارەزایی :(Mastery Goals) واتە فێربون یان سەرنج خستنە سەر لێهاتویی و ئەرکەکان. دوەم/ ئامانجی ئەدا :(Performance Goals) واتە ئەنجامدان یان ئاراستەکردنی کارەکە بەرەو خود، ئارەزوی بەدەستهێنانی نمرەی بەرز و باش دەرکەوتن لە چاوی خەڵکی(Dweck, 1986: 1040).

#### دوەم: تیۆری خۆکارایی :(Self-Efficacy Theory)

خۆکارایی ئاماژەیە بۆ توانای بەرجەستەی تاک بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەی کە پێویستن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان. خۆکارایی تاک کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنی ئەرکەکان و ئاستی ئەنجامدانی ئەرکەکان، بڕی ئەو هەوڵانەی کە لە ئەنجامدانی ئەرکە هەڵبژێردراوەکاندا خەرج دەکرێت و کۆڵنەدان لە ئەنجامدانی ئەرکەکەدا دەبێت. کاریگەری خۆکارایی لەسەر ئەنجامدان بە باشی لە تەواوی بوارە جیاوازەکانی ڕەفتاردا دەردەکەوێت، لەوانەش دەستکەوتی ئەکادیمی خوێندکارانی زانکۆ، و ڕاپۆرتەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە خۆکارایی پێشبینیکەرێکی بەهێزە بۆ ئەدای ئەکادیمی بۆ خوێندکاران(Bandura, 1997)

#### سێیەم: تیۆری خۆدیاریکردن :(Self-Determination Theory)

تیۆری خۆدیاریکردن لەسەر بنەمای پاڵنەر دامەزراوە، گرنگی بە کوالیتی پاڵنەرەکە دەدات لە جیاتی بڕی پاڵنەر. ئەم تیۆرە باس لە دو جۆر پڵنەری سەرەکی دەکات: پاڵنەری ناوەکیی بنچینەیی(Intrinsic Motivation) پێکدێت لە سەربەخۆیی واتە هەستکردن بە کۆنترۆڵی خۆد بەسەر هەڵبژاردنەکاندا. لێهاتویی واتە هەستکردن بە توانای ئەنجامدانی کارێک بە سەرکەوتویی. پەیوەندیی کۆمەڵایەتی واتە هەستکردن بە گرنگی و پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تر. پاڵنەری دەرەکی(Extrinsic Motivation) پێکدێت لە (ڕێکخستنی ناوەکی، ڕێکخستنی سنوردار، ڕێکخستنی هاتنەناوە و ڕێکخستنی دەرەکی). هەمو جۆرەکانی پاڵنەرێکی دەرەکی نەخوازراو نین و پاڵنەرە دەرەکییەکان لە بڕیاردانی بەرزەوە دەست پێدەکەن تا بڕیاری نزم(Ryan & Deci, 2000: 68-78) .

### 2.3 هۆکارەکانی دڵەڕاوکێی داهاتو

دڵەڕاوکێی داهاتو لە کۆمەڵگەیەکی پڕ لە گۆڕانکاری و بارگاوی بە فاکتەر و چارەنوسی نادیاردا دەکرێت بونی هەبێت. ئەم دیاردەیە پەیوەستە بە کۆمەڵێک گۆڕاو و هۆکارەوە، کە کۆدەبنەوە بۆ فراوانبون و توانای هەستکردن بە دڵەڕاوکێی داهاتو. (مۆلین، ١٩٩٠) بۆ دڵەڕاوکێی داهاتو ئاماژەی بە کۆمەڵێك هۆکار کردوە:

- فشارەکانی ژیانی مۆدێرن، لەوانەش فشارە کولتوری و ژینگەییەکان، زیادبونی پێداویستییەکانی تاك.
- نەبونی توانای خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو کێشانەی توشی تاك دەبن.
- بێتوانای تاك لە جیاکردنەوەی خواستەکانی لە چاوەڕوانییەکان، لەسەر بنەمای واقیع.
- هەڵوەشانەوەی خێزان.
- هەبونی گومان لە توانای دایباب، مامۆستا و کەسانی دەروبەری بۆ چارەسەرکردنی کێشە و قەیرانەکان.
- هەستکردن بە نەبونی سەربەخۆیی و سەقامگیری لەناو خێزان، قوتابخانە، زانکۆ یان کۆمەڵگا بە گشتی.
- نەبونی توانای پێشبینیکردنی داهاتو، نەبونی زانیاریی پێویست بۆ پێکهێنانی بیرۆکە سەبارەت بە داهاتو و شێواوی لە بیرۆکەکانی ئێستادا.
- نەمانی دڵنیایی و هەست کردن بە داڕوخان (المصري، ٢٠١١: ٣٨).

### 3.3 جۆرەکانی دڵەڕاوکێی داهاتو

**دڵەڕاوکێی داهاتوی کۆمەڵایەتی:** بریتییە لەو دڵەڕاوکێیەی کۆمەڵێک خەڵک، وەک دانیشتوانی شارێک یان هاوڵاتیانی وڵاتێک، هەستی پێدەکەن بەرامبەر بە داهاتوی هاوبەشیان. سروشت و هۆکارەکانی ئەم دڵەڕاوکێیە لە ژێر کاریگەریی بارودۆخی کۆمەڵگەیە. بۆ نمونە، دڵەڕاوکێی بەکۆمەڵ لەوانەیە بەهۆی پەتایەکەوە دروست بێت، وەک ئەوەی لە کاتی پەتای کۆرۆنادا ڕویدا، کە ترس و نائومێدی باڵی بەسەر توێژێکی بەرفراوانی کۆمەڵگە و وڵاتاندا کێشا. قەیران و باردۆخی دارایی و جەنگ، هاوڵاتیان لە نادڵنیایی دەمێننەوە لەو بارودۆخانە داهاتویان ڕون نییە (هارون، ١٩٩٧: ٢٦٠).

**دڵەڕاوکێی داهاتوی تاکی:** ئەم جۆرە لە دڵەڕاوکێی تاک هەستی پێدەکات بەهۆی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی لە پلاندانان بۆ داهاتوی. ئەمەش کاریگەریی ئەزمونە تاکەکەسییە ناخۆشەکان، هەستکردن بە تەنهایی و لاوازیی متمانەبەخۆبونی لەسەرە (محمد، ٢٠١٤: ١٠).

**دڵەڕاوکێی داهاتوی دەماری (عصابي):** جۆرێکە لە دڵەڕاوکێی توند و بێ پاساو، کە پەیوەندی بە سەرچاوەیەکی هەڕەشەی ڕونەوە نییە لە واقیعدا، و لەگەڵیدا گرژی، نادڵنیایی و ترس لە ڕوداوی چاوەڕوانکراوی داهاتو هەیە. ئەم دڵەڕاوکێیە بەبێ ئاگایی تاک سەرهەڵدەدات و ئەگەر چارەسەر نەکرێت، لەوانەیە ببێتە هۆی تێکچونی دەرونی (القبیسی، ٢٠١٠: ٣٩).

**دڵەڕاوکێی داهاتوی پیشـــەیی:** بریتییە لە حاڵەتێکی گرژی و نارەحەتی بە تایبەتی توشی خوێندکاران دەبێت، لە ئەنجامی نیگەرانییەکانیان ســـەبارەت بە داهاتوی خوێندن و پیشـــەییان. ئەم دڵەڕاوکێیە لەوانەیە کاریگەریی نەرێنی لەســـەر ســـەقامگیری خێزانی و کۆمەڵایەتییان هەبێت. ئەم هەســـتە زیاتر دەبێت لەگەڵ نزیکبونەوەی قۆناغی دەرچون و چونە ناو بازاڕی کار، ئەو فشار و ئاڵنگارییانەی کە لەگەڵیدا دێن (الخواجة و الريامی، ٢٠٢١: ٥٨٢).

**دڵەڕاوکێی داهاتوی هاوسەرگیری:** بریتییە لە حاڵەتێکی گرژی و ترس لە داهاتوی پەیوەست بە ژیانی هاوسەرگیری و ئەو گۆڕانکارییە نەخوازراوانەی کە لەوانەیە لەگەڵ خۆیدا بیهێنێت. گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانی ئەم دواییە بونەتە هۆی زیادبونی ئەم جۆرە دڵەڕاوکێیە لەنێو گەنجانی هەردو ڕەگەزدا، چونکە بیرۆکەی هاوســـەرگیری بە نیگەرانیی ماددی و بەرپرسیارێتی گەورەوە بەستراوەتەوە (علی، ٢٠١٣: ٤٥).

**دڵەڕاوکێی تاقیکردنەوە:** جۆرێکە لە دڵەڕاوکێ کە پەیوەســـتە بە بارودۆخی تاقیکردنەوەکانەوە، وا لە خوێندکار دەکات هەســـت بە ترس و خەمێکی زۆر بکات. ئەم دڵەڕاوکێیە کاریگەری لەســـەر ئاســـتی ئەدای خوێندکاران هەیە، ئەگەر لە ئاســـتێکی مامناوەندیدا بێت لەوانەیە کاریگەریی ئەرێنی هەبێت، چونکە خوێندکار هاندەدات بۆ خۆئامادەکردن و تەرکیزکردن، بەڵام ئەگەر لە سنوری خۆی تێپەڕێت دەکرێ ببێتە ڕێگر لە سەرکەوتنی (المطيري، ٢٠٢١: ٤٧٢).

### *4.3* پێکهاتەکانی ئەدای ئەکادیمی :

شایانی باسە کە چەند چەمکێک بە شێوەیەکی گۆڕاو لەگەڵ ئەدای ئەکادیمی بەکاردەهێنرێن، وەک لێهاتویی ئەکادیمی، توانای ئەکادیمی و دەستکەوتی ئەکادیمی. باشـترکردنی ئاسـتی ئەکادیمی بە یەکێک لە دیارترین ئامانجە ئەکادیمییەکان دادەنرێت لە ســـیســـتەمی پەروەردەی جۆراوجۆردا لە ســـەرانســـەری جیهاند(Singh at all, 2002: 223-232). سـەرەڕای بەشـداری بەرچاوی گۆڕاوە مەعریفی و نامەعریفیەکان لە ئەدای ئەکادیمیدا، زۆرێک لە توێژەران تەنها لە ژێر ڕۆشنایی ڕێبازی مەعریفیدا سەرنجیان لەسەر ئەدای ئەکادیمی هەیە.

(ئەندەرسـۆن و هاوڕێکانی، ٢٠٠٨) پێیان وایە زیرەکی ئاماژەیە بە ئاسـتی ئەدای ئەکادیمی بە شـێوەی ڕاسـتەوخۆ و ناڕاســتەوخۆ. لە لایەکی تر (ویتکینس و هاوڕێکانی، ٢٠٠٧) دەڵێن پێکدێت لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی دەســتکەوت. (پارکەر و ڕۆبەرت، ١٩٨٩) لە یەک ڕەهەندا باسی لە ئەدای ئەکادیمیان کردوە، ئەویش کارامەییەکانی پەیوەســـتن بە دەســـتکەوتی ئەکادیمییە(Barr-Anderson at all, 2008: 718-724) . هەروەها(دێپێنا و هاوڕێکانی، ٢٠٠٢) مۆدێلێکی ئەدای ئەکادیمییان پەرەپێدا کە ئەو هەڵوێست و ڕەفتارانە لەخۆدەگرێت کە خوێندکاران دەتوانن سەرکەوتنی ئەکادیمی پێبەدەســـت بێنن. ئەم کارامەیی و هەڵوێســـت و ڕەفتارانە دەبنە دو بەش: کارامەیی ئەکادیمی و یارمەتییە ئەکادیمییەکان. کارامەییە ئەکادیمییەکان بریتین لە کارامەییەکانی خوێندنەوە، ژمێریاری و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە کە پەیوەندییان بە ناوەڕۆکی پەروەردەی تایبەت بە چوارچێوەی فێربونەوە هەیە. یارمەتییە ئەکادیمییەکان بریتین لە خۆکارایی ئەکادیمی، لێهاتویی و بەشداریکردن لە نێوان کەسەکاندا، پاڵنەر و خوی خوێندن کە ڕێگە بە تاکەکان دەدات بەشداری لە ژینگەی ئەکادیمیدا بکەن و لێی سودمەند بن(Diperna at all, 2002: 298-212) .

### *5.3* گرنگی ئەدای ئەکادیمی

ئەدای ئەکادیمی گرنگیەکی زۆری بۆ خوێندکار و خێزانەکەی و کۆمەڵگاکەی هەیە.  بەو پێیەی ئەدای ئەکادیمی ڕۆڵێکی گرنگی لە ڕێکخستی ژیانی ڕۆژانەی خوێندکار، خێزان و کۆمەڵگە هەیە. هەروەك چۆن ئەدای ئەکادیمی بۆ ژیان و پێشکەوتن و داهاتوی تاك گرنگە، بۆ کۆمەڵگەش زۆر گرنگە، چونکە پێشکەوتن و بەرهەم داربونی گۆمەڵگە بەتایبەتی لە کۆمەڵگەی کوردی پێویستی زۆری بە ئەدای ئەکادیمی تاکاکە نییەوە هەیە، بۆ ئەوەی سەرمایەی مرۆیی لە وڵاتدا لە

ئاســـتێکی بەرزدا بیت، زۆر گرنگە ئەدای ئەکادیمی خوێندکارانمان بەرز و بەرهەمدار بێت. گومانی تێدا نییە ئەدای ئەکادیمی لە ئاسـتی تاکدا گرنگیەکی تایبەتی هەیە، بەو پێیەی دەبێتە هۆی تێرکردنی پێداویسـتییەکانی تاك و هاوسـەنگی دەرونی، قبوڵکردنی خود، بیناکردنی مەعریفە و لایەنی زانەکی، هەروەها توانای پەرەپێدانی کارامەییە کۆمەڵایەتیەکان و کارلێکردنی تـاك لەگەڵ دەوروبەری دەباتە ئـاســـتێکی بەرزتر و دورکەوتنە لە کێشـــە ڕەفتـاریی و ســـۆزدارییەکان و مەعریفییەکان.

### *4.* توێژینەوەکانی پێشو:

**1.4 توێژینەوەی (المصري، ٢٠١١)** بە ناونیشـانی *"قلق المستقبل و علاقته بكل من فاعلية الذات و مستوى طموع الأكاديمي"* واتە " دڵەڕاوکێی داهاتو و پەیوەندی بە هەریەك لە خۆکارایی و ئاستی خواستی ئەکادیمی".

ئامانجی توێژینەوەکە دەســـتنیشـــانکردنی پەیوەندی دڵەڕاوکێی داهاتو و ئاســـتی خواســـتی ئەکادیمییە لای نمونەی توێژینەوەکە. هەروەها جیاوازی ڕەگەزی لەسـەر ئاسـتی خواسـتی ئەکادیمی، لای خوێندکارانی زانکۆی ئەزهەر. بۆ ئەو مەبەسـتەش سـودی لە میتۆدی وەسـفی" شـیکاری " وەرگرتوە. هاوکات بەشـێوەیەکی هەڕەمەکی (٦٢٦) خوێندکاری لە زانکۆی ئەزهەر لە هەردو ڕەگەزی نێر و مێ وەرگرتوە. ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخســـتوە، پەیوەندییەکی پێچەوانەی بەهێز لە نێوان دڵەڕاوکێی داهاتو خواســـتی ئاکادیمی خوێندکاراندا هەیە، ئەو خوێندکارانەی ئاســـتی دڵەڕاوکێیان نزمە ئاسـتی خواسـتی ئەکادیمیان بەرزترە، جیاوازی بەرچاوی ئاماری لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ سـەبارەت ئاسـتی خواسـتی ئەکادیمی هەیە لە بەرژەوەندی ڕەگەزی نێر دایە.

**2.4 توێژینەوەی (الخواجة و الريامي، ٢٠٢١)** بە ناونیشـانی *"قلق المستقبل المهني و علاقته بالتحصيل الدراسي لدى طلبة دبلوم التأهيل التربوي بجامعة نزوا "* واتە " دڵەڕاوکێی داهاتوی پیشـــەیی پەیوەندی بە ئەدای ئەکادیمی لە لای خوێندکارانی دیپلۆمی بروانامەی پەروەردەیی کە لە زانکۆی نیزوا".

ئامانجی توێژینەوەکە دەســـتنیشـــانکردنی پەیوەندی نێوان دڵەڕاوکێی داهاتوی پیشـــەیی و ئەدای ئەکادیمی و ئاســـتی دڵەڕاوکێی داهاتوی پیشـــەیی لە نێوان خوێندکارانی دیپلۆم لە زانکۆی نزوا لە عومان. بۆ ئەو مەبەســـتەش ســـود لە میتۆدی وەسـفی" پەیوەندی" وەرگرتوە. هەروەها بە شێوەی هەڕەمەکی (٦١) خوێندکاری ڕەگەزی مێ لە زانکۆی نیزوا وەرگرتوە. ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخســـتوە، هیچ پەیوەندییەکی بەڵگەداری ئـاماری لە نێوان دڵەڕاوکێی داهاتوی پیشـەیی و ئەدای ئەکادیمی دا بونی نییە، هەروەها ئاسـتی دڵەڕاوکێی داهاتوی پیشـەیی لای نمونەی توێژینەوە لە نێوان مامناوەند و نزمدایە.

**3.4 توێژینەوەی (كداسي و شـاوشي، ٢٠٢٢)** بە ناونیشـانی *"قلق المستقبل و علاقته بالتحصيل الديراسى عند طلبة الماستر"* واتە "پ دڵەڕاوکێی تاقیکردنەوە و پەیوەندی بە ئەدای ئەکادیمی لای خوێندکارانی ماسـتەر" توێژینەوەیەکی مەیدا نییە".

ئامانجی ســەرەکی توێژینەوەکە، بریتییە لە زانینی پەیوەندی نێوان دڵەڕاوکێی داهاتو و ئەدای ئەکادیمی لای خوێندکارانی قۆناغی یەکەمی ماســـتەر لە زانکۆی یەحیا فارس. بۆ ئەو مەبەســـتەش ســـودیان لە میتۆدی وەســـفی" پەیوەندی" وەرگرتوە. هەروەها بەشـــێوەی هەڕەمەکی (٤٠) خوێندکاری لە هەردو ڕەگەزی نێر و مێ وەرگرتوە. لە گرینگترین ئەو ئەنجامانەی کە ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشـــتوە، بریتییە لەوەی، کە پەیوەندیەکی بەڵگەداری ئاماری گرنگ لە نێوان دڵەڕاوێکی داهاتو و ئەدای ئەکادیمی لای نمونەی توێژینەوە هەیە. ســـەبارەت بە ئاســـتی دڵەڕاوکێی داهاتو و ئەدای ئەکادیمی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە، لە نێوان هەردوك ڕەگەز، کە لە بەرژەوەندی ڕەگەزی مێدایە.

***4.4*** **توێژینەوەی (محمود و حکیم، ٢٠٢٣)** بە ناونیشانی "*دڵەڕاوکێی داهاتوی پیشەیی و پەیوەندی بە ئاستی خواستی ئەکادیمی لای قوتابیانی زانکۆ*" لە زانکۆی سۆران.

ئامانجی سەرەکی لەم توێژینەوەکە، زانینی ئاستی دڵەڕاوکێی داهاتوی پیشەیی، زانینی ئاستی خواستی ئەکادیمی و دۆزینەوەی پەیوەندییە لە نێوان دڵەڕاوکێی داهاتوی پیشەیی و ئاستی خواستی ئەکادیمی لای نمونەی توێژینەوە. نمونەی توێژینەوەکە پێکدێت لە (٥٠٠) خوێندکار. میتۆدی وەسفی و چەندایەتی بەکارهاتوە، سەبارەت بە گۆڕاوی دڵەڕاوکێی داهاتوی پیشەیی توێژەر پێوەرێکی بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکردوە، بۆ گۆڕاوەی ئاستی خواستی ئەکادیمی، توێژەر پشتی بە پێوەر (الجبوري، ٢٠٠٢) بەستوە. ئەنجامی ئەو توێژینەوەیە دەریدەخات کە ئاستی دڵەڕاوکێی داهاتوی پیشەیی لە ئاستێکی مامناوەند پیشاندەدرێت و ئاستی خواستی ئەکادیمیش لە ئاستێکی بەرزدایە. هەروەها پەیوەندییەکی نەرێنی لە نێوان دڵەڕاوکێی داهاتوی پیشەیی و ئاستی خواستی ئەکادیمیدا پیشاندەدرێت.

***5.4*** **توێژینەوەی (عثمان و ئەوانیتر، ٢٠٢٣)** بە ناونیشانی " *An educational study of the effect of future anxiety on the academic progress of university students (students of Prince Sattam bin Abdul-Aziz University.)"* واتە " توێژینەوەیەکی پەروەردەیی لەسەر کاریگەری دڵەڕاوکێی داهاتو لەسەر پێشکەوتنی ئەکادیمی خوێندکارانی زانکۆ (خوێندکارانی زانکۆی شازادە سەتام بن عەبدولعەزیز)" لە شانشینی سعودیە.

ئامانجەکانی توێژینەوە دەستنیشانکردنی ئاستی دڵەڕاوکێی داهاتو لە نێو خوێندکارانی زانکۆی شازادە سەتام بن عەبدولعەزیز، ئاستی دڵەڕاوکێی داهاتو بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز، دیاریکردنی کاریگەری دڵەڕاوکێی داهاتو لەسەر ئەدای ئەکادیمی خوێندکارا. بۆ ئەو مەبەستەش سوودیان لە میتۆدی وەسفی شیکاری وەرگرتوە. هەوکات بەشێوەی هەڕەمەکی (١٢٠) خوێندکاریان لە هەردو ڕەگەزی نێر و مێ وەرگرتوە لە زانکۆی شازادە سەتام. ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخستوە، دڵەڕاوکێی داهاتو لە ئاستێکی مام ناوەندایە، جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە بۆ ئاستی دڵەڕاوکێ لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ، لە بەرژەوەندی ڕەگەزی مێ دایە. لە کۆتایشدا دەرکەوتوە پەیوەندییەکی پێچەوانە لە نێوان ئاستی دڵەڕاوکێی داهاتو و ئەدای ئەکادیمی هەیە.

## 5. چوارچێوەی ڕێککارە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە

### *1.5* میتۆدی توێژینەوەکە - Study Method

ئەم توێژینەوەیە بە ئاڕاستەیەکی چەندایەتی (Quantitative Approach)ئەنجام دراوە (کریسوێل، ٢٠٠٣) پێیوایە ئەم ئاڕاستەیە هۆکارێکە بۆ ئەوەی توێژینەوەکە سەربەخۆ بێت لە توێژەر، بەهۆی بەکارهێنانی داتا و ئامار بۆ پێوانەکردنی بابەتێکی واقعی، ئەمش وادەکات توێژەر بە بێ لایەنی بمێنێتەوە(Khdir and other , 2025: 386). میتۆدی بەکارهاتو لەم توێژینەوەیە، بریتییە لە میتۆدی وەسفی پەیوەستی بە ڕێگەی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بەنمونە، بەئامانجە وەسفکردن و پێوانەکردن و دەرخستنی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە. ئەمەش لەمیانی جێبەجێکردنی پێوەری تایبەت بە گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە.

### *2.5* کۆمەڵگەی توێژینەوەکە -Community

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوە سەرجەم خوێندکارانی خوێندنی بەیانیانی(زانکۆی ڕاپەڕین) کەمپەسی " ڕانیە" لەخۆدەگرێت. کە لە (5) کولێژ پێکهاتوە کە بە پێی دواین ئاماری زانکۆی ڕاپەڕین بۆ ساڵی خوێندنی(2024-2025) لە(3643) خوێندکار پێکهاتوە. بڕوانەی خشتەی (١).

### 3.5 نمونەی توێژینەوەکە- Sample

لەم توێژینەوەیەدا، نمونەی هەڕەمەکی چینایەتی لە جۆری ڕێژەیی (Stratified random samples) بەکارهاتوە. واتە بە بەپێی ڕێژەی هەر کۆلێژێك نمونە وەگیراوە بە شـێوەی هەڕەمەکی، کە کۆی گشـتی نمونەی وەگیراو بریتییە لە (360) خوێندکار، بە جۆرێك (166) مێ و ( 194) نێرە، بۆ دیاریکردنی قەبارەتی نمونەکە پەنابراوەتە بەر یاسـای ئەلفا بە پێی ئاستی گومانی توێژینەوەکە، کە بریتییە لە (0.05). بڕوانە خشتەی(١)

$$N=\frac{3643}{1+3643\times(0.05)^2}=360$$

خشتەی(١) کۆمەڵگە و نمونەی توێژینەوەکە نیشاندەدات

| کۆلێژ | ژ. خوێندکان / کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | نمونە وەرگیراو |
|---|---|---|
| پەرستاری | 245 | 25 |
| پەروەردەی بنەڕەت | 1514 | 149 |
| ئەندازیاری | 186 | 18 |
| کۆلێژی زانست | 785 | 78 |
| زانستە مرۆڤایەتیەکان | 911 | 90 |
| کۆی گشتی | 3643 | 360 |

### 6. ئامراز و کەرەستە ئامارییەکانی توێژینەوەکە

***1.6 پێوەرەکانی توێژینەوەکە:*** بۆ پێوانەکردنی ئاسـتی" دڵەڕاوکێ داهاتو " توێژەران پێوەری (شـلهوب، ٢٠١٦) وەرگرتوە بەگۆڕانکارییەوە، کە لە سێ ڕەهەند پێکهاتوە (کۆمەڵایەتی 8بڕگە، ئابوری و پیشـەیی 12 بڕگە، تەندروسـتی و مردن 6 بڕگە) واتە بەشێوەی سەرەتایی کۆی بڕگەکانی پێوەرکە لە (26) بڕگە پێکهاتوە. هاوکات توێژەران بۆ گونجاندنی پێوەرەکە لەگەڵ سروشت و تایبەتمەندی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە گۆڕانکاری لە هەندێك بڕگەکانی پێوەرەکەدا کراوە. هاوکات بۆ پێوانەکردنی ئاسـتی " ئەدای ئەکادیمی" توێژەران پێوەری (فام و تایلۆر- ١٩٩٤) وەرگرتوە لە (صـفاریە و دیگران، ٢٠٢٢). کە لە کۆی (48) بڕگە توێژەران بە پێی گونجاوی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە تەنها (26) بڕگە بەشێوەی سەرەتایی وەرگیراوە. هەروەها هەردو پێوەرەکە بژاردەکانی لە( لیگەردی ێنجینەیی) پێکهاتوە، بەجۆرێك بۆ بڕگە ئەرێنییەکان هێزی بژاردەکان (,1,2,3,4,5) و بۆ بڕگە نەرێ نییەکانیش (,5,4,3,2,1).

### 2.6 تایبەتمەندییە سایکۆمەترییەکان بۆ پێوەرەکانی توێژینەوەکە

***1.2.6 ڕاسـتێتی بونیادی - Contract Validity:*** بۆ جێبەجێکردنی ئەم ڕێگەیە نمونەیەکی (65) کەسی وەرگیراوە، کە هەمان تایبەتمەندی و خەسڵەتی نمونەی گشتیەکە لەخۆ دەگرێت. دواتر توێژەران بۆ ئەنجامدانی ئەم ڕێگەیە سودیان لە هاوکۆلکەی پێرسۆن وەگرتوە. بە جۆرێك پێوەری (دڵەڕاوکێی داهاتوە) لە سێ ڕەهەند پێکهاتوە: بەم جۆرە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی (8) بڕگە ڕەهەندی ئابوری و پیشەیی (12) بڕگە ڕەهەندی تەندروستی و مردن (6) بڕگە، هەروەها پێوەری (ئەدای ئەکادمیی) ش لە (26) بڕگە پێکهاتوە. وەکو لەخشـــتەی (2) دەبینرێت. لە پێوەری (دڵەڕاوکیی داهاتو) لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و ڕەهەندی تەندروسـتی و مردن پەیوەسـتێکی بەڵگەداریان لەگەڵ کۆی ڕەهەندەکەیان هەیە، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە (P-Value<0.05)، بۆیە هەریەکە لەو دو ڕەهەنـدە هیچ بڕگەیەکی لانەدراوە و وەك خۆی ماوەتەوە، بەڵام ڕەهەندی ئابوری و پیشـەیی لە کۆی (12) بڕگەی، بڕگەکانی (4، 7) لە ڕەهەندی ئابوری و پیشـــەیی پەیوەســـتی بەڵگەداریـان لەگەڵ کۆی ڕەهەنـدەکەیـان نەبو، ئەمەش بە لەبەرچـاوگرتنی ئەوەی کە (P-Value>0.05)، بۆیە ئەم (2) بڕگەیە لەم ڕەهەنـدە لابردراوە. هـاوکات لە پێوەری(ئەدای ئەکادیمیش)ش (25) بڕگە

پەیوەســـتێکی بەڵگەداریان لەگەڵ کۆی پێوەرەکەیان هەیە، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە (P-Value<0.05)، بۆیە ئەو بڕگانە وەکو خۆیان دەمێننەوە، بەڵام بڕگەی (2) پەیوەســتی بەڵگەداری لەگەڵ کۆی پێوەرەکە نەبوە، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە (P-Value>0.05)، بۆیە ئەم(1) بڕگەیە سڕایەوە.

خشتەی(2) ڕاستێی بونیادی پێوەری"دڵەڕاوکێ داهاتو و ئەدای ئەکادیمی" ڕوندەکاتەوە

| پێوەر | ڕەهەندەکان | بڕگە | پەیوەستی | بڕگە | پەیوەستی | بڕگە | پەیوەستی | بڕگە | پەیوەستی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دڵەڕاوکێی داهاتو | کۆمەڵایەتی | 1 | 0.802* | 3 | 0.600** | 5 | 0.628** | 7 | 0.629** |
| | | 2 | 0.618** | 4 | 0.611** | 6 | 0.777** | 8 | 0.687** |
| | ئابوری و پیشەیی | 1 | 0.746** | 4 | 0.170 | 7 | 0.237 | 10 | 0.450** |
| | | 2 | 0.442** | 5 | 0.545** | 8 | 0.504** | 11 | 0.518** |
| | | 3 | 0.584** | 6 | 0.504** | 9 | 0.528** | 12 | 0.766** |
| | تەندروستی و مردن | 1 | 0.645** | 3 | 0.615** | 5 | 0.550** | | |
| | | 2 | 0.677** | 4 | 0.764** | 6 | 0.561** | | |
| ئەدای ئەکادیمی | | 1 | 0.622** | 8 | 0.637** | 15 | 0.618** | 22 | 0.762** |
| | | 2 | 0.236 | 9 | 0.622** | 16 | 0.444** | 23 | 0.753** |
| | | 3 | 0.601** | 10 | 0.513** | 17 | 0.442** | 24 | 0.545** |
| | | 4 | 0.504** | 11 | 0.722** | 18 | 0.603** | 25 | 0.482** |
| | | 5 | 0.745** | 12 | 0.450** | 19 | 0.497** | 26 | 0.498** |
| | | 6 | 0.752** | 13 | 0.701** | 20 | 0.601** | | |
| | | 7 | 0.526** | 14 | 0.295** | 21 | 0.571** | | |
| ژمارەی نمونە= (65) | | | | * P-Value<0.05 | | | | ** P-Value<0.01 | |

***2.2.6* جێگری "Reliability" بۆ پێوەری توێژینەوەکە:** توێژەران بۆ جێگری پێوەری " دڵەڕوکێی داهاتو" و "ئەدای ئەکادیمی" ڕێگای (Internal Consistency) بەکارهێناوە، کە ئاستێکی بەرزی بۆ جێگربونی هەر پێوەرێك هەیە:

**- چۆنایەتی ناوخۆیی- Internal Consistency:** توێژەران بۆ پێوەری "دڵەڕاوکێی داهاتو" ســـودیان لە هاوکۆلکەی (MCDONALD'S OMEGA) وەرگرتوە، چونکە پێوەری دڵەڕاوکێی داهـاتو لە چەنـد ڕەهەنـدێـك پێکهـاتوە ئەم هاوکۆلکەیش ئاســـتێکی بەزتر نیشـــاندەدات بۆ ئەو پێوەرانەی ڕەهەندیان هەیە: وەك لە خشـــتەی (3) دەردەکەوێت بەهای ئۆمیگا لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی بریتییە لە (0.708) و ڕەهەندی ئابوری و پیشـــەی (0.818) و ڕەهەندی تەندروســـتی و مردن برتییەلە (0.757) ئەم بەهایانەش ئاســـتیکی باشی جێگری نیشـــاندەدات. هەروەها توێژەران بۆ پێوەری " ئەدای ئەکادیمی "ســـودیـان لە هـاوکۆلکەی (Cronbach's Alpha)وەرگرتوە. چونکە ئەم هـاوکۆلکەیە گونجـاوە بۆ نیشـــانـدانی ئـاســـتی جێگری پێوەرەکە(Mahmood and Bakr, 2023: 77)، وەکو لە خشـــتەی (3)دەبینرێت، بەهای ئەڵفای کرۆنباخ پێوەری "دەســتەکەوتی ئەکادییمی " بەهاکەی(0.803)ە. ئەمەش بە ئاســتێکی زۆر باشی جێگیری دادەنرێت. هەروەها بەهای ئەڵفای کرۆنباخ پێوەری "دڵەڕاوکێی داهاتوە " بە شـــێوەیەکی گشـــتی بەهاکەی(0.812)ە. ئەمەش بە ئاستێکی زۆر باشی جێگیری دادەنرێت.

خشتەی (3) ئاستی جێگری بۆ پێوەری "دڵەڕاوکێی داهاتو و ئەدای ئەکادیمی

| پێوەر | ڕەهەند | ژ . بڕگە | Mean | MCDONALD'S OMEGA |
|---|---|---|---|---|
| [illegible] | کۆمەڵایەتی | 8 | 2.88 | 0.708 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 0.818 | 3.64 | 10 | ئابوری و پیشەیی |
| 0.757 | 2.07 | 6 | تەندروستی و مردن |
| Alpha's Cronbach | | | |
| 0.812 | 3.00 | 24 | بەگشتی |
| 0.803 | 2.45 | 25 | ئەدای ئەكادیمی |

### 3.6 نۆرماڵەتی داتاكان- " دابەشبونی سروشتی داتاكان"

بۆ دابەشبونی سروشتی داتاكان سودمان لە تاقیكردنەوەی ( Kolmogorov-Smirnov) وەرگرتوە. وەك لە خشتەی (4) دەردەكەوێت. بەهای تاقیكردنەوەی هەردو پێوەرەكە (p.value > 0.05) ؛ بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین، كە داتا بەدەســـتهاتوەكان بەشـــێوەیەكی سروشـــتی دابەشـــبون، بەمەش دەتوانین ســـود لە ئامارە پاڕامەترییەكان وەربگرین و گشتاندن بۆ ئەنجامە بەدەستهاتوەكانی توێژینەوەكە بكەین.

خشتەی (4) دابەشبونی سروشتی داتاكان نیشاندەدات

| Normality | Kolmogorov-Smirnov p.value | Mean | N | *پێوەرەكانی توێژینەوەكە* |
|---|---|---|---|---|
| نۆرماڵە ✓ | 0.182 | 3.00 | 360 | *دڵەڕاوكێی داهاتو* |
| نۆرماڵە ✓ | 0.078 | 2.45 | 360 | *ئەدای ئەكادیمی* |

### 7. گفتوگۆكردنی ئەنجامەكانی توێژینەوەكە بە پێی ئامانجەكانی توێژینەوەكە

**ئامانجی یەكەم: پێوانەكردنی ئاستی (دڵەڕاوكێی داهاتو و ئەدای ئەكادیمی) لای خوێندكارانی زانكۆی ڕاپەڕین:**

بۆ گەیشتن بەو ئامانجە توێژەران سودیان لە ئاماری وەسفی وەرگرتوە، وەك لە خشتەی (5) دەردەكەوێت:

**أ- دڵەڕاوكێی داهاتوی – ڕەهەندی ئابوری و پیشـــەیی:** دەركەوتوە ناوەندی ســـەنگكراو (3.64) كە دەكەوێتە نێوان بژاردەكانی " هەندێك جار " و "زۆرجار " ئەمەش دەرخەری ئەوەیە دڵەڕاكێی ئابوری و پیشـــەی داهاتو لە ئاســـتێكی بەرزدایە، بەلادانی (0.53). هاوكات ئەم جۆرە دڵەڕاوكێیەی داهاتو ( ئابوری و پیشـــەیی) لە جۆرەكانی تری دڵەڕاوكی داهاتو بەرزترە. ئەم ئەنجامەش پێچەوانەی ئەنجامی توێژینەوەكانی (الخواجة و الريامي، ٢٠٢١) و ((محمود و حكيم، ٢٠٢٣)، كە گەیشتو بەو ئەنجامەی ئاستی دڵەڕاوكێی پیشەیی لە نێوان مامناوەند و نزمدایە.

**ب- دڵەڕاوكێ داهاتوی- كۆمەڵایەتی:** دەركەتوە ناوەندی ســـەنگكراو برتییە لە (2.88) كە دەكەوێتە نێوان بژاردەكانی " كەم جار" و " هەندێكجار" ئەمەش دەرخەری ئەوەیە دڵەڕاوكێی داهاتوی كۆمەڵایەتی لە ئاســـتێكی ناوەند دایە. بەلادانی پێوەری كەم، كە برتییە لە (0.78). هاوكات ئەم جۆرەی دڵەڕاوكێی داهاتو لە ڕوی ئاستەوە نزمترە لە دڵەڕاوكێی داهاتوی ئابوری و پیشە و بەرزتریشە لە دڵەڕاوكێی داهاتوی تەندروستی و ترس لە مردن.

**ج - دڵەڕاوكێ داهاتوی- ڕەهەندی تەندروســـتی و (ترس لە مردن):** دەركەتوە ناوەندی ســـەنگكراو برتییە لە(2.07) كە دەكەوێتە نێوان بژاردەكانی " كەم جار" و "هەندێكجار" ئەمەش دەرخەری ئەوەیە، دڵەڕاوكێی داهاتوی تەندروستی و ترس لە مردن لە ئاســـتێكی نزمدایە بەپێی ئاســـتی بژاردەكان. بەلادانی پێوەری كەم، كە برتییە لە (0.81). هاوكات ئەم جۆرەی دڵەڕاوكێی داهاتو لە ڕوی ئاســـتەوە لە دو جۆرەكەی تری دڵەڕاوكێی داهاتو نزمترین ئاســـتی لای بەشـــداربوانی نمونەی توێژینەوەكە بەدەست هێناوە.

**د- دڵە ڕاوكێی داهاتو بە شـــێوەیەكی گشـــتی:** دەركەتوە ناوەندی ســـەنگكراو برتییە لە (3.00) كە دەكەوێتە بژاردەی (هەندێكجار) ئەمەش دەرخەری ئەوەیە، كە دڵەڕاوكێی داهاتو بە شـــێوەیەكی گشـــتی لە ئاســـتێكی ناوەند دایە. ئەم

ئەنجامەش هاوشـــێوەی ئەنجامی توێژینەوەی (عثمان و ئەوانیتر، ٢٠٢٣)، کە گەیشـــتون بەو ئەنجامەی دڵەڕاوکێی داهاتو لە ئاستێکی مامناوەندایە.

**هـ – ئەدای ئەکادیمی:** دەرکەتوە ناوەندی ســەنگکراو برتییە لە(2.45) کە دەکەوێتە نێوان بژاردەکانی "کەمجار" و "هەندێکجار" ئەمەش دەرخەری ئەوەیە ئاســتی ئەدای ئەکادیمی لای نمونەی توێژینەوەکە نزمە بە پێی بژاردەکان. بەلادانی پێوەری کەم، کە برتییە لە (0.45). ئەم ئەنجامەش پێچەوانەی ئەنجامی توێژینەوەکەی (محمود و حکیم، ٢٠٢٣) کە گەیشتون بەو ئەنجامەی کە ئەدای ئەکادیمی لە ئاستێکی بەرزدایە.


خشتەی (5) پێوانەی ئاستی ڕەهەندەکانی دڵەڕاوکێی داهاتو و ئەدای ئەکادیمی لای نمونەی توێژینەوەکە

| پێوەر | ڕەهەند | ژ. نمونە | نزمترین نمرە | بەرزترین نمرە | لادانی پێوەری | ناوەندی سەنگراو | ئاست بەگوێرەی بژاردەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دڵەڕاوکێی داهاتو | ئابوری و پیشەیی | 360 | 2 | 5 | 0.53 | 3.64 | بەرز |
| | کۆمەڵایەتی | 360 | 1.25 | 4.88 | 0.78 | 2.88 | ناوەند |
| | تەندروستی و مردن | 360 | 1 | 4 | 0.81 | 2.07 | نزم |
| | بەگشتی | 360 | 2.08 | 4.25 | 0.32 | 3.00 | ناوەند |
| ئەدای ئەکادیمی | | 360 | 1.48 | 4.40 | 0.45 | 2.45 | نزم |

دیاریکردنی ئاستەکان بەگوێرەی بژاردەکانی پێوەرەکان= 5-1/5 = 0.80 (1- 1.80، زۆر نزمە) (1.81- 2.60، نزم) (2.61- 3.40، ناوەند) (3.41- 4.20، بەرز) (4.21-5، زۆر بەرز). (Anwar and other , 2025: 417)

لە میانی ئەو ئەنجامانەی کە خرایەڕو بۆمان دەردەکەوێت ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە دڵەڕاوکێیان زیاتر ســەبارەت بواری ئابوری و پیشــەییە. ئەمەش دەکرێت بە هۆی دۆخی ئێســتای هەرێمی کوردســتان بێت کە بە هۆی قەیرانی ئابوری، گەنجان بەتایبەتی گەنجانی زانکۆ زیاتر نیگەرانن لەوەی کە لە داهاتودا نەتوانن پیشــەیەکی باشــیان دەســت بکەوێت و بارودۆخێکی ئابوری باش بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن. بۆیە بەرزی ئاستی دڵەڕاوکێ داهاتو لە ڕەهەندی ئابوری و پیشـەیی زیاتر بۆ دۆخی ئێسـتای ژیان دەگەڕێتەوە. بەڵام لە ڕەهەندەکانی دیکە ئاسـتی دڵەڕاوکێ داهاتو مامناوەندە، کە ئەمەش دەکرێـت بە هۆی تـایبەتمەنـدی قۆنـاغی گەنجـانی زانکۆ بێـت کە لە دوای زانکۆ بەتـایبەتی دەزانن کە بەرپرسیارێتیان زیاتر دەبێت و دەکرێت ئەم ڕێژەیە بە هۆی قۆناغی تەمەنییان ئاسایی بێت.

بەڵام لە بابەتی ئەدای ئاکادیمی ئاســتەکە کەمە، ئەمەش جێگای نیگەرانییە و پرســیاری ســەرەکی ڕوبەڕوی زانکۆ و ناوەندەکانی خوێندن دەکاتەوە. کە پێویســتە زیاتر گرنگی بدرێت بە لایەنی ئاکادیمی خوێندکاران چ لە ڕوی ئامرازەکانی خوێندن و چ لە ڕوی بەرنامە و پرۆگرامەکانی خوێندن.




**ئامانجی دوەم: دەرخستنی رۆڵی گۆڕاوە دیمۆگرافییەكانی (رەگەز و پسپۆری) لەسەر گۆڕاوەكانی توێژینەوەكە لای خوێندكارانی زانكۆی ڕاپەڕین.**

**١- دەرخستنی رۆڵی گۆڕاوی رەگەز لەسەر گۆڕاوەكانی توێژینەوەكە:**

بە مەبەستی دەرهێنانی رۆڵی گۆڕاوی دێمۆگرافی رەگەز لەسەر ئاستی (دڵەڕاوكێی داهاتو و ئەدای ئەكادیمی) توێژەران سـودیان لە تاقیكردنەوەی (t) بۆ دو نمونەی سـەربەخۆ (Independent Samples t-test) وەرگرتوە، كە تێدا ناوەندی ژمێرەی رەگەزی نێر و مێ پێكەوە بەراورد دەكرێت. وەكو لە خشتەی (6) دەردەكەوێت:

**أ- دڵەڕاوكێی داهاتوی – ئابوری و پیشـەی:** بە سـەرنجدان بەوەی (P-Value<0.05) و بەهای (t) دەرهێنراو (1.97) گەورەترە لە بەهـای (t) خشـتـەیی (1.96) بە نمرەی ئـازادی (358)؛ بۆیە بەو ئەنجـامە دەگەین" كە جیـاوازییەكی بەڵگەدار لە نێوان رەگەزی نێر و مێدا سـەبارەت بەئاسـتی دڵەڕاوكێی داهاتوی ئابوری و پیشـەیی هەیە. ئەم جیاوازیەش دەگەڕێتەوە بۆ رەگەزی نێر. واتە رەگەزی نێر ئاسـتی دڵەڕاوكێی داهاتوی ئابوری و پیشـەیی زیاترە بە بەراورد بە رەگەزی مێ.

**ب- دڵەڕاوكێ داهاتوی- رەهەندی تەندروسـتی و (ترس لە مردن)**: بە سـەرنجدان بەوەی (P-Value<0.05) و بەهای (t) دەرهێنراو (3.24) گەورەترە لە بەهای (t) خشـتـەیی (1.96) بە نمرەی ئازادی (358)؛ بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین" كە جیاوازییەكی بەڵگەدار لە نێوان رەگەزی نێر و مێدا سەبارەت بەئاسـتی دڵەڕاوكێی داهاتوی لە رەهەندی تەندروستی و ترس لە مردن هەیە. ئەم جیـاوازیەش دەگەڕێتەوە بۆ رەگەزی مێ. واتە رەگەزی مێ ئـاسـتی دڵەڕاوكێی داهـاتوی تەندروستی و ترس لە مردن زیاترە بەبەراورد بە رەگەزی نێر.

**ج - دڵەڕاوكێ داهاتوی- رەهەندی كۆمەڵایەتی** بە سەرنجدان بەوەی (P-Value>0.05) و بەهای (t) دەرهێنراو (0.978) بچوكترە لە بەهای (t) خشتەیی (1.966) بە نمرەی ئازادی (358)؛ بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین" كە جیاوازییەكی بەڵگەدار لە نێوان رەگەزی نێر و مێدا سەبارەت بەئاستی دڵەڕاوكێی داهاتوی كۆمەڵایەتی نییە.

**د. دڵەڕاوكێی داهاتو بە گشـتی:** بە سـەرنجدان بەوەی (P-Value>0.05) و بەهای (t) دەرهێنراو (0.124) بچوكترە لە بەهای (t) خشتەیی (1.966) بە نمرەی ئازادی (358)؛ بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین" كە جیاوازییەكی بەڵگەدار لە نێوان رەگەزی نێر و مێدا سـەبارەت بەئاسـتی دڵەڕاوكێی داهاتو بە شـێوەیەكی گشـتی نییە. بەدەربڕینێكی تر گۆڕاوی دیمۆگرافی "رەگەز" نەبۆتە هۆی دروسـتكردنی جیاوازی لە ئاسـتی دڵەڕاوكێی داهاتو بە شـێوەیەكی گشـتی. ئەم ئەنجامەش پێچەوانەی هەر یەك لە توێژینەوەكانی (كداسي و شـاوشي، ٢٠٢٢) و (عثمان و ئەوانیتر، ٢٠٢٣). كە گەیشـتون بەو

ئەنجامەی کە جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ سەبارەت بە ئاستی دڵەڕاوکێی داهاتو بە گشتی هەیە.

**د. ئەدای ئەکادیمی:** بە سەرنجدان بەوەی (P-Value<0.05) و بەهای (t) دەرهێنراو (2.95) گەورەترە لە بەهای (t) خشتەیی (1.96) بە نمرەی ئازادی (358)؛ بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین" کە جیاوازییەکی بەڵگەدار لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا سەبارەت بەئاستی ئەدای ئەکادیمی هەیە. ئەم جیاوازیەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگەزی مێ. واتە ڕەگەزی مێ ئاستی ئەدای ئەکادیمی زیاترە بەبەراورد بەڕەگەزی نێر. ئەم ئەنجامەش هاوشێوەی ئەنجامی توێژینەوەکەی (کداسي و شاوشي، ۲۰۲۲) کە گەیشتوە بەو ئەنجامەی ئاستی ئەدای ئەکادیمی ڕەگەزی مێ بەرزترە لە ڕەگەزی نێر. هەروەها پێچەوانەی ئەنجامی توێژینەوەکەی (المصري، ۲۰۱۱) کە گەیشتوە بەو ئەنجامەی ئاستی ئەدای ئەکادیمی ڕەگەزی نێر بەرزترە لە ڕەگەزی مێ.

خشتەی (6) جیاوازیی نێوان ڕەگەزی "نێر و مێ" سەبارەت بە ئاستی "دڵەڕاوکێی داهاتو و ئەدای ئەکادیمی

| پێوەر | ڕەهەندەکان | گۆڕاو | N | Mean | Std. Deviation | p-value | بەهای (t) | | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | Test | Table | |
| دڵەڕاوکێی داهاتو | ئابوری و پیشەیی | نێر | 194 | 3.70 | 0.54 | 0.04 | 1.97 | 1.96 | بەڵگەدارە |
| | | مێ | 166 | 3.58 | 0.52 | | | | |
| | تەندروستی و مردن | نێر | 194 | 1.84 | 0.74 | 0.01 | 3.24 | 1.96 | بەڵگەدارە |
| | | مێ | 166 | 2.22 | 0.86 | | | | |
| | کۆمەڵایەتی | نێر | 194 | 2.92 | 0.80 | 0.329 | 0.981 | 1.96 | بەڵگەدار نییە |
| | | مێ | 166 | 2.84 | 0.78 | | | | |
| | بەگشتی | نێر | 194 | 3.00 | 0.34 | 0.887 | 0.142 | 1.96 | بەڵگەدار نییە |
| | | مێ | 166 | 2.99 | 0.31 | | | | |
| ئەدای ئەکادیمی | | نێر | 194 | 2.1 | 0.52 | 0.02 | 2.95 | 1.96 | بەڵگەدارە |
| | | مێ | 166 | 2.8 | 0.56 | | | | |
| N=360 df= 358 | | | | | | | | | |

بەپێی ئەو ئەنجامانەی خرایەڕو بۆمان دەردەکەوێت ئاستی دڵەڕاوکێ لای خوێندکارانی بەشداری نمونەی توێژینەوەکە لە ڕەگەزی نێر بەبەراورد بە ڕەگەزی مێ زیاتر، ئەمەش دەتوانین بۆ باگراوەندی کۆمەڵگای کوردی بێت کە پیاوان زیاتر ڕوبەڕوی بەرپرسیارێتی دەبنەوە لە ڕوی ئابوری و دابین کردنی خەرجی و بەڕێوەبردنی ماڵەوە، بەتایبەتی لە قۆناغی ئێستا کە قەیرانی داراییە، ڕەگەزی نێر زیاتر نیگەرانی داهاتون. بەڵام بەپێچەوانە لە بواری تەندروستی بەشدارانی نمونەی توێژینەوەکە لە ڕەگەزی مێ ئاستی دڵەڕاوکێی داهاتویان بەرزترە، ئەمەش دەکرێت بە هۆی تایبەتمەندی ڕەگەزی مێ بێت بەتایبەتی لە ئێستادا بە هۆی ژیانی مۆدێرن و چاولێکەری و هەروەها پەرەسەندنی هەرچی زیاتری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە کاریگەرییەکەی لە ڕەگەزی مێ زیاتر دەردەکەوێت. هەروەها سەبارەت بە ئەدای ئاکادیمی کە لای بەشدارانی نمونەی توێژینەوەکە لە ڕەگەزی مێ زیاترە، ئەمەش دەتوانین بۆ ئەوەی بگەڕێنینەوە کە خوێندکاران لە ڕەگەزی نێر زیاتر نیگەرانی داهاتویان و دەکرێت ئەمەش کاریگەری هەبێت لە سەر خوێندن وئەدای ئاکادیمیان.

**٢- دەرخستنی ڕۆڵی گۆڕاوی پسپۆڕیی (زانستە سروشتییەکان و زانستە مرۆڤایەتییەکان) لەسەر ئاستی دڵەڕاوکێ داهاتو بەگشتی و ئەدای ئەکادیمی لای خوێندکارانی زانکۆی ڕاپەڕین.**

بە هەمان شێوەی ئامانجی یەکەم توێژەران سودیان لە تاقیکردنەوەی (t) بۆ دو نمونەی سەربەخۆ ( Independent Samples t-test) وەرگرتوە، کە تێدا ناوەندی ژمێرەی هەردو پسپۆڕیەکە پێکەوە بەراورد دەکرێت. وەکو لە خشتەی (7) دەردەکەوێت:

**أ- دڵەڕاوکێی داهاتو بە گشتی:** بە سەرنجدان بەوەی (P-Value<0.05) و بەهای (t) دەرهێنراو (4.51) گەورەترە لە بەهای (t) خشتەیی (1.96) بە نمرەی ئازادی (358)؛ بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین" کە جیاوازییەکی بەڵگەدار لە نێوان پسپۆڕی زانستە (مرۆڤایەتی و سروشتییەکان) سەبارەت بە ئاستی دڵەڕاوکێی داهاتو هەیە. ئەم جیاوازیەش دەگەڕێتەوە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان. واتە ئەو خوێندکارانەی پسپۆڕییان سەر بە زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکانە ئاستی دڵەڕاوکێی داهاتو بە شێوەیەکی گشتی زیاترە بەبەراورد بە ئەو خوێندکارانەی پسپۆڕییان سەر بە زانستە سروشتی و پەتییەکانە لە زانکۆی ڕاپەڕین.

**أ- ئەدای ئەکادیمی:** بە سەرنجدان بەوەی (P-Value>0.05) و بەهای (t) دەرهێنراو (0.294) بچوکترە لە بەهای (t) خشتەیی (1.966) بە نمرەی ئازادی (358)؛ بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین" جیاوازییەکی بەڵگەدار لە نێوان پسپۆڕی زانستە (مرۆڤایەتی و سروشتییەکان) سەبارەت بە ئاستی ئەدای ئەکادیمی نییە. بە دەربڕینێکی تر جیاوازی پسپۆڕی نەبۆتە هۆی ئەوەی خوێندکارانی زانکۆی ڕاپەڕین جیاوازیان لە ئاستی ئەدای ئەکادیمی هەبێت.

خشتەی (7) جیاوازیی نێوان پسپۆڕیەتی " ز. مرۆڤایەتی و سروشتییەکان" سەبارەت بە ئاستی "دڵەڕاوکێی داهاتو و ئەدای ئەکادیمی

| پێوەر | گۆڕاو | N | Mean | Std. Deviation | p-value | Test | Table | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | های (T) | | |
| دڵەڕاوکێی داهاتو | ز. سروشتی و پەتییەکان | 201 | 2.93 | 0.341 | 0.01 | 4.51 | 1.96 | بەڵگەدارە |
| | ز. مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان | 159 | 3.08 | 0.303 | | | | |
| ئەدای ئەکادیمی | ز. سروشتی و پەتییەکان | 201 | 2.51 | 0.598 | 0.74 | 0.294 | 1.96 | بەڵگەدار نییە |
| | ز. مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان | 159 | 2.42 | 0.395 | | | | |
| | | N=360 | df= 358 | | | | | |

سەبارەت بە گۆڕاوی دیمۆگرافی پسپۆڕی بە پێی ئەو ئەنجامانەی کە خرایەڕو بۆمان دەرکەوت ئەو خوێندکارانەی کە لە بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان دەخوێنن زیاتر نیگەرانن سەبارەت بە داهاتویان، لەبەر ئەوەی لە ئیستادا لە کوردستان دەرفەتی کار کەمترە بۆ دەرچوانی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەتایبەتی لەم قەیرانی ئابورییە کە هێچ دامەزراندنێک نییە و هەروەها لە کەرتی تایبەت زۆر بەکەمی هەلی کار بۆ دەرچوانی زانستە مرۆڤایەتییەکان هەیە.

**ئامانجی سێیەم: دەرخستنی پەیوەندی نێوان دەڵەڕاوکێی داهاتو و ئەدای ئەکادیمی لای خوێندکارانی زانکۆی ڕاپەڕین**

بە پشت بەستن بە تیۆرەکان و توێژینەوەکانی پێشو. توێژەران هەوڵیانداوە ئاست و ئاڕاستەی پەیوەندی نێوان گۆڕاوی کارامەییەکانی پەیوەندیکردن و دەرون دروستی، ئەمەش دوای ئەنجامدان و دڵنیابون لە تەواوی مەرجەکانی هەردو گۆڕاوەکە. تاقیکردنەوی هاوکۆلکەی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکانیان ئەنجامدا. بە جۆرێك وەك لە خشتەی (8) دا دەرکەوتوە: هیچ پەیوەندیەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان (ڕەهەندەکانی دڵەڕاوکێی داهاتو) و (ئەدای ئەکادیمی)

نییە، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی(p-Value > 0.05)، ئەم ئەنجامەش هاوشـــێوەی ئەنجامەی توێژینەوەکەی (الخواجة و الريامي، ٢٠٢١)، کە گەیشـــتوە بە و ئەنجامە هیچ پەیوەندیەکی بەڵگەدار لە نێوان ئەم دو گۆڕاوەدا نییە. هەروەها ئەم ئەنجامە پێچەوانەی ئەنجامی توێژینەوەکانی (المصري، ٢٠١١) و (کداسي و شـاوشي، ٢٠٢٢) و (عثمان و ئەوانیتر، ٢٠٢٣)، کە گەیشتوە بەو ئەنجامە پەیوەندییەکی پێچەوانەی بەڵگەدار لە نێوان ئەم دو گۆڕاوەدا بونی هەیە.

خشتەی (8) پەیوەندی نێوان دڵەڕاوکێی داهاتو و ئەدای ئەکادیمی لای خوێندکارانی زانکۆی ڕاپەڕین

| گۆڕاو | | ئەدای ئەکادیمی | ئاستی بەڵگەداری 0.05 | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|
| ڕەهەندەکانی دڵەڕاوکێی داهاتو | ئابوری و پیشەیی | - r/0.004 | 0.933 | بەڵگەدار نییە |
| | تەندروستی و مردن | r/0.012 | 0.826 | بەڵگەدار نییە |
| | کۆمەڵایەتی | r/0.027 | 0.606 | بەڵگەدار نییە |
| | بەگشتی | r/0.026 | 0.624 | بەڵگەدار نییە |
| N=360 | | | | |

بە دەرخستنی پەیوەندی نیوان دڵەڕاوکێی داهاتو و ئەدای ئاکادیمی بە پێی ئەنجامەکان بۆمان دەرکەوت کە هیچ پەیوەندییەک لە نێوان ئەم دو گۆڕاوە نییە. پێچەوانەی ئەو ئەنجامانەی کە خرایەڕو، چونکە توێژینەوەکانی دیکە ئاماژە بەوە دەکەن کە هۆکارە دەرونییەکان، لەوانەش دڵەڕاوکێ، زۆر جار کاریگەرییان لە سەر ئەدای خوێندکاران هەیە، بەڵام دەتوانریت نەبونی پەیوەندیی لە نیوان گۆڕاوەکان بە هۆی چەند ئەگەرێک بێت. یەکەم؛ هۆکارەکان لە دەرەوەی بارودۆخە دەرونییەکانی وەک دڵەڕاوکیی بێت، وەک هۆکارە دامەزراوەییەکان، کوالێتی و چۆنیەتی وانەوتنەوە، شێوازەکانی پێوانە و هەڵسەنگاندن، هەروەها پاشخانی ئابوری- کۆمەڵایەتی و تایبەتمەندییە تاکەکەسییەکان بێت. بە پێی ئەنجامەکان دەرکەوت کە ئاستی ئەدای ئاکادیمی لای بەشدارانی نمونەی توێژینەوەکە نزمە، ئەمەش دەکرێت بە هۆی هۆکارەکانی دیکە بێت جگە لە هۆکارە دەرونییەکانی وەک دڵەڕاوکێ، بەڵکو هۆکارەکانی دیکەی وەک هۆکاری ئابوری و دۆخی ناسەقامگیری ئابوری ئێستای هەرێمی کوردستان، ناجێگیری سیستەمی خوێندن لە زانکۆکان کە هەر ساڵە شێواز و سیستەمێکی خوێندن ڕادەگەیەنرێت و ئەمەش سەرلێشێواوی بۆ خوێندکاران دروست دروست دەکات. هەروەها بە پێی ئەنجامەکان ئاستی دڵەڕاوکێ داهاتو بە گشتی لە ئاستێکی مامناوەند دایە، واتە ئاستەکەی ئەوەندە بەرز نییە کە کاریگەری لە سەر ئەدا و ئەدای خوێندکاران هەبێت و دەکرێت کەمی ئەدای خوێندن هۆکاری دیکەی هەبێت کە پێویستە توێژینەوەی زیاتر بکەن لە خستنەڕوی هۆکارە کاریگەرەکانی دیکە.

## 8. دەرئەنجامەکان:

- لای بەشـــدارانی نمونەی توێژینەوەکە ئاســـتی دڵەڕاوکێی داهاتو لە بواری ئابوری و پیشـــەیی زیاترە، بەبەراود بە جۆرەکانی دڵەڕاوکێی داهاتوی (کۆمەڵایەتی، تەنـدروســـتی و مردن) کە ئـاســـتەکەیان مامناوەندە لای نمونەی توێژینەوەکە.
- ئاستی ئەدای ئاکادیمی لای بەشدارانی نمونەی توێژینەوەکە نزمە.
- ئاســـتی دلەڕاوکێی داهاتوی پیشـــەی و ئابوری لای ڕەگەزی نێر زیاترە بە بەراورد بە ڕەگەزی مێ، بە پێچەوانەوە سەبارەت بە دڵەڕاوێکی داهاتو " تەندروستی و ترس لە مردن" لای ڕەگەزی مێ زیاترە.

- ئەو بەشداربوانەی نمونەی توێژینەوەکە، کە لە پسپۆڕی زانستە مرۆڤایەتییەکان دەخوێنن، بەرزی ئاستی دڵەڕاوکێی داهاتو بەدی دەکرێت.

### 9. ڕاسپاردەی توێژینەوەکە:

- پەرەپێدانی پرۆگرام و ڕاهێنان بۆ خوێندکارانی زانکۆ سەبارەت لە بەڕێوەبردنی خود و کەمکردنەوەی فشار، بەمەبەستی کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێی داهاتو.
- پێشکەشکردنی ڕێنمایی پەوەردەیی، کردنەوەی خول و ڕاهێنان بۆ چۆنیەتی وانەخوێندن و خۆئامادەکرن بۆ تاقیکردنەوە، بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی ئەدای ئەکادیمی خوێندکاران.

### 10. پێشنیازەکانی توێژینەوەکە

- ئەنجامدانی تویژینەوەی لەسەر (دڵەڕاوکێی داهاتو و پەیوەندی بە ئەدای ئەکادیمی) لای قۆناغەکانی تری خوێندن وەك ئامادەیی و بنەڕەتی.
- ئەنجامدانی توێژینەوەی لەسەر (هۆکارە کاریگەرەکانی دڵەڕاوکێی داهاتو لای خوێندکارانی زانکۆ)

### سەرچاوەکان:


محمود، پۆلا عبدالصــمد. حکیم، خالص احمد (٢٠٢٣). دڵەڕاوکێی داهاتوی پیشـــەیی و پەیوەندی بە ئاســـتی خواســـتی ئەکادیمی لای قوتابیانی زانکۆ. گۆڤاری توێژەر، بەرگ ٦، ژمارە ١.

صفاریه، محدثه و دیگران (٢٠٢٢). بررسی روایی و پایایی پرسشنامه ی عملکرد تحصیلی فام و تیلور (١٩٩٩)، فصلنامەی علمی_پژوهشی توسعەی آموزش جندی شاپور، سال سیزدهم، صفحات ١-١٥.

إيمان، سـعيدى. أمنة، عنانو (٢٠٢٣). الشـعور بالوحدة النفسـية و علاقتها بقلق المسـتقبل لدى الطلبة الجامعيين، دراسـة ديدانية في جامعة قاضدي مرباح ورقلة، كلية علوم الانسانية و الاجتماعية، قسم علم النفس و علوم التربية، الجزائر.

بدر، ئبراهيم (٢٠٠٣). مسـتوى التوجه نحو المسـتقبل و علاقته ببعض الاضـطرابات لدى الشـباب، جامعة القاهرة، كلية التربية النوعية، مجلة المصرية لدراسات النفسية، المجلد١٣، العدد٣٨ فبراير.

بلكيلاني، ابراهيم (٢٠٠٨). تقدير الذات وعالقته بقلق المستقبل لدى الجالية العربية المقيمة بمدينة أوسلو في النرويج، رسالة ماجستير غير منشورة، األكاديمية العربية المفتوحة في الدانمارك، الدانمارك.

جبر، أحمد (٢٠١٢). العوامل الخمسـة الكبرى للشخصية وعلاقتها بقلق المسـتقبل لدى طلبة الجامعات الفلسـطينية بمحافظات غز ة، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الأزهر، غزة، فلسطين.

الحمداني، اقبال (٢٠١١). الاغتراب التمرد قلق المستقبل، عمان: النشر دار صفاء، الطبعة الاولى، ص ١٦٣.

الخالدي، أديب (٢٠٠٢). المرجع في الصحة النفسية، مصر: الدار العربية للنشر والتوزيع، المكتبة الجامعية، الطبعة الثاني.

الخواجة، عبدالفتاح محمد سعيد. الريامي، محمد ناصر سيف (٢٠٢١). قلق المستقبل المهني و علاقته بالتحصيل الديراسى لدى طلبة دبلوم التأهيل التربوي بجامعة نزوي في سـلطنة عمان. مجلة ابن خلدون للدراسـات و الابحاث، مجلة الثاني، العدد السـادس، ص ٥٧٤-٥٩٩.

الرفاعي، نعيم (٢٠٠٣). الصحة النفسية دراسة في سيكولوجية التكيف، منشورات جامعة دمشق، العدد١٤، دمشق.

الزواهره، محمد خلف عبد المحسـين (٢٠١٥)، العلاقة بين الصـلابة النفسـية و قلق المسـتقبل و المسـتوى الطموح لدى طلبة جامعة حائل بالسعودية، مجلة جامعة القدس المفتوحة للأبحاث و الدراسات التربوية و النفسية، مجلد "٣" العدد "١٠".

السبعاوي، فضيلة (٢٠٠٦). قلق المستقبل لدى طلبة كلية التربية وعالقته بالجنس والتخصص الدراسي، جامعة بغداد، العراق.

السـميري، نجاح. صـالح، عايدة (٢٠١٣). فاعلية برنامج إرشـادي بتقنيات العقل والجسـم لخفض حدة قلق المسـتقبل لدى طالبات جامعة القصى بمحافظة غزة، مجلة الجامعة اإلسلامية للدرسات التربوية والنفسية، المجلد ٢، العدد٢١، ص ٦٣ و ٩٨.

الشرافي، ماهر موسى (٢٠١٣). الإنهاك النفسي وعلاقته بكل من قلق المستقبل ومستوى الطموح لدى العاملين في الأنفاق، رسالة ماجستير، كلية التربية، الجامعة الإسلامية - غزة، فلسطين، ص ٣٢-٣٣.
شلهوب، دعاء جهاد (٢٠١٦). قلق المستقبل و علاقته بالصلابة النفسية. دراسة ديدانية من الشباب مراكز الايواءالمؤقت في مدينتى دمشق و السويداء. رسالة المجستير، كلية تربية، قسم علم النفس، جامعة دمشق، ص٣٩.
شمخي، زهراء و آخرين (٢٠١٦). قلق المستقبل و علاقته بالمناخ الأسري لدى طلبة جامعة قادسية، مذكرة لنيل شهادة ماستر، غير منشورة، جامعة قادسية.
صيخان (٢٠١٠). قلق المستقبل لدى المعاقين سمعيا في ضوء بعض المتغيرات.رسالة ماجستير غير منشورة. كلية التربية ليبيا.
عبدالله، محمد قاسم (٢٠٠١). مدخل إلى الصحة النفسية، عمان: دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع.
العتيبي، ممدوح عوض مسلم (٢٠١٢) قلق المستقبل و علاقته بالدافع للإنجاز و تقدير الذات لدى طلاب المرحلة الثانوية بمحافظة الطائف، رسالة ماجستر، جامعة ام القرى، مكة المكرمة.
عثمان، فاروق (٢٠٠١). القلق وادارة الضغوط النفسية. القاهرة ( مصر): دار الفكر العربي، الطبعة الاولي، ص ٢٣-٢٥.
العشري، محمود (٢٠٠٤). قلق المستقبل وعالقته ببعض المتغيرات االجتماعية:دراسة حضارية مقارنة بين طالب بعض كليات التربية بمصر وسلطنة عمان، المؤتمرالسنوي الحادي عشر لمركز اإلرشاد النفسي، جامعة عين شمس، المجلد الاول، مصر.
على، حسام محمود زكي (٢٠١٣). قلق المستقبل الزواجي وعلاقته بالذكاء الوجداني وبعض المتغيرات الديموجرافية لدى عينة من طلبة الجامعة. جامعة بنها - كلية التربية، المجلد ٢٤, العدد ٩٤.
فريح، عزازي إبراهيم (٢٠١٦). قلق المستقبل لدى المراهقين مجهولي النسب(ط١). القاهرة: المكتب العربي للمعارف. ص ٢٧.
قادير، بشرة (٢٠١٩) فاعلية برنامج إرشادي قائم على تنمية مهارات التفكير الإيجابي في خفض مستوى قلق المستقبل لدى متربصات التكوين المهني. رسالة ماجستر، جامعة قاصدي مرباح - ورقلة، كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية قسم علم النفس و العلوم التربية. ص ٣٧ و ٤٤.
القبيسي، علي بن خليل بن عضوان (٢٠١٠). قلق المستقبل و علاقته بسمتي التفاؤل و التشاؤم: دراسة ميدانية لدى طلاب المستوى الأول جامعة الملك خالد بأبها. (أطروحة دكتوراه). جامعة أم درمان الإسلامية، كلية التربية، قسم علم النفس، السودان.
كداسي، سليمة. شاوشي، عقيلة (٢٠٢٢). قلق المستقبل و علاقته بالتحصيل الديراسى عند طلبة الماستر، دراسة ميدانية من طلبة مرحلة الالى الماستر جامعة يحي فارس المدية، كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية و العلوم التربية. ص ٦٩- ٧٣.
كفافي، علاء الدين (١٩٩٠). الصحة النفسية. القطر: هجر للطباعة والنشر والتوزيع والأعلان، ص٦٥.
محمد، ابراهيم ابوبكر (٢٠١٤). النوعية الحياة وعلاقته بالقلق المستقبل: لدى عينة من طلبة جامعة عمر المختار. مجلة كلية الآداب والعلوم الإنسانية: جامعة قناة السويس - كلية الآداب والعلوم الإنسانية، العدد ٩، مصر.
المصري، نيفين عبدالرحمن (٢٠١١). قلق المستقبل وعلاقته بكل من فاعلية الذات ومستوى الطموح الأكاديمي لدى عينة من طلبة جامعة الأزهر بغزة. رسالة الماجستر، كلية التربية، قسم علم النفس، فلسطين، ص٣٨.
المطيري، سيف بن عبد الله. (٢٠٢٢). قلق المستقبل وعلاقته بالإكتئاب في ظل جائحة كورونا طبقاً لبعض المتغيرات لدى عينة من طلبة جامعة الملك عبد العزيز. المجلة العربية للنشر العلمي، العدد ٤٢، ص ٤٧١-٤٧٢.
هارون، توفيق الرشيد (١٩٩٧). الاستجابة المعرفية و الاكلينيكية كمنبئات بالقلق الاجتماعي. المجلة المصرية للتقويم التربوي، العدد ٥، الجلة الاول.
هبة مؤيد، محمد (٢٠١٠). قلق المستقبل عند الشباب و علاقته ببعض المتغيرات. مجلة البحوث التربوية والنفسية، العددان ٢٦-٢٧.
Abdel-Rahimm, M. B. A., Al-Dosary, M. S. M., & Al-Azab, M. A. (2023). An educational study of the effect of future anxiety on the academic progress of university students (students of Prince Sattam bin Abdul-Aziz University). Conhecimento & Diversidade, 15(40), 194–209.
Al-Sabaawi, Fadila Aarafat. (2007). Future anxiety among the Students of the Faculty of Education and its Relation to Gender and Specialization: A Field Study on a Sample of Students from the Faculty of Education, the University of Mosul.

Anwar, B. H., Ramadhan, H. A., & Mahmood, D. O. (2025). Challenges Facing the Political Participation of University Students: A Field Study at Koya University. KOYA UNIVERSITY JOURNAL OF HUMANITIES AND SOCIAL SCIENCES, 8(2), 408–420. https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp408-420

Bandura, A. (1997). Self-efficacy: The exercise of control. New York: W.H. Freeman and Company.

Barr-Anderson, D., Van Den Berg, P., Neumark-Sztainer, D., & Story, M. (2008). Characteristics associated with older adolescents who have a television in their bedrooms. Pediatrics, 121, 718-724.

Diperna, J., Volpe, R., & Elliott, S. (2002). A model of academic enablers and elementary reading/language arts achievement. School Psychology Review, 31, 298-312.

Dweck, C. S. (1986). Motivational processes affecting learning. American psychologist, 41(10), 1040.

Khdir, P. A., Mahmood, D. O., & Omer, R. K. (2025). Social Trust and Self-Confidence Among University Students: Field Research at Raperin University. KOYA UNIVERSITY JOURNAL OF HUMANITIES AND SOCIAL SCIENCES, 8(1), 379–392. https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp379-392

Mahmood, D. O., & Anwar, B. H. (2024). The Relationship Between Frustration and Forms of Violence Among Young People: From the Perspective Frustration Theories "Albert Cohen" And "John Dollard". KOYA UNIVERSITY JOURNAL OF HUMANITIES AND SOCIAL SCIENCES, 7(2), 58–72. https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp58-72

McNamara, S, (2000).” Stress in Young people what new and what can we do, London.

Pham, T. H., & Taylor, J. (1999). The Pham and Taylor Academic Performance Questionnaire. Journal of Educational Psychology, 91(3), pp. 433–440.

Richardson, M., Abraham, C., & Bond, R. (2012). Psychological correlates of university students’ academic performance: A systematic review and meta-analysis. Psychological Bulletin, 138(2), pp. 353–387.

Ryan, R. M., & Deci, E. L. (2000b). Self-determination theory and facilitation of intrinsic motivation, social development and well-being. American Psychologist, 55(1), 68–78.

Saricam, H. & Sakiz, H. (2014). The investigation of the relationship between future anxiety and academic motivation of university students. Journal of Happiness, Health and the Environment, 1(1), pp.1-13.

Shukla, Apoorva. (2021). A Study of Academic Anxiety and Home Environment in Relation to the Academic Performance. Journal of Emerging Technologies and Innovative Research, 8(2), pp 449-454.

Singh, K., Granville, M., & Dika, S. (2002). Mathematics and science achievement: Effects of motivation, interest, and academic engagement. The Journal of Educational Research, 95(6), 323-332.

York, T. T., Gibson, C., & Rankin, S. (2015). Defining and measuring academic success. Practical Assessment, Research & Evaluation, 20(5), pp. 1–10.

Zaleski, Z. (1996). Future anxiety: Concept, measurement, and preliminary research. Personality and Individual Differences, 21(2), 165–174.